بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

هێرش بۆ سەر تەڤگەری ئازادی، هێرشە بۆسەر ئازادی و ئازادییە سیاسیەکان، نۆکەرایەتییە بۆ وڵاتانی سەرکوتگەری ناوچەکە، بەتوندی ئەم پێشێلکاری و نۆکەرایەتییە، ئیدانە دەکەین...

سالّی دووەم ژمارە (41) 1/12/2018 مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستیە

کێشەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی، کێشەی ناو خانەوادەی بۆرژوازییە لەسەر بەشی دەسەڵات و داهات!

خەڵک و ژنانی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی تونس، بەرەی کۆنەپەرستی دەشکێنن و یاسای دژە ژنی شەریعەتی ئیسلامی وەلادەنێن!

حکومەتی تونس موسادەقە لەسەر پڕۆژە یاسای یەکسانی ژن و پیاو لە میرات دا دەکات!

ل3

هێرش بۆ سەر تەڤگەری ئازادی، هێرشە بۆسەر ئازادی و ئازادییە سیاسیەکان، و نۆکەرایەتییە بۆ وڵاتانی سەرکوتگەری ناوچەکە

دوای بڕیارەکەی قوباد تاڵەبانی، هەموو بارەگاکانی تەڤگەری ئازادی دادەخرێن و کونسوڵی تورکیاش ئەو هەنگاوەی یەکێتی بەرز دەنرخێنێت... ل2

کۆبونەوەی G20 بۆ بێمافکردنی زیاتری خەڵکی جیهانە! ل3

بزوتنەوەیەکی بێوێنە لە فەرەنسا پەرەدەستێنێ! ل4

لە پەراوێزی ٢٥ نۆفەمبەردا
سەرمایەداری پاڵنەرو پەرەپێدەری توندوتیژی دژ بەژنان..... ل5

ناڕەزایەتییەکانی ئێران وئەو هەنگاوانەی کە پێویستن...ل6

لەگۆشەیەکی ترەوە... سەردانەکەی بارزانی بۆ بەغدا بۆ تۆڵەیە یان تۆبە؟ ل7

هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان.....ل8

دیمانەی دیدگای سوشیالیستی لەگەڵ سەرنووسەری بۆپێشەوە... سەبارەت بە ناسنامەی هەدەپەو پەیەدە...ل10,9

وتەی ژمارە

یەکێک لە درۆ شاخدارەکانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا ئەوەیە، کە هەوڵدەدەن و دەیانەوێ کێشەکانی خۆیان و خەڵکی کوردستان لە پەیوەند بە بەغداوە، بکەن بەیەک. بۆیە هەمیشە بەناوی خەڵکی کوردستانەوە دەدوێن و لێدوان دەدەن، سەردان دەکەن، پەیوەندی دروست دەکەن...تاد. لەکاتێکدا کێشەکانی خەڵکی کوردستان چ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و چ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەو حزب و بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکای ئەو وڵاتانە نەک بەتەواوەتی لەیەک جیاوازن بەڵکو دژ بەری یەکیشن...

<u>کێشەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و بەتایبەت تریش حزبەکانی دەسەڵات لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی، کێشەی ناو خانەوادەی بۆرژوازییە لە جغرافیایەکدا کە ناوێ عێراقدا، لەسەر بەشی دەسەڵات و داهات</u>، لە کاتێکدا کێشەی خەڵکی کوردستان، کێشەی دەسەڵات نییە لەگەڵ بەغدا، کێشەی بەرەسمی ناسینی ئیرادە و بریاری سیاسی و دیاریکردنی چارەنووس و ئایندەی خۆیەتی بەدەستی خۆی... کێشەی یەکلایکرنەوەی دۆسیەی حقوقییەتی لە جغرافیای عێراقدا، لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەی بەدرێژیی میژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، ناسنامەی عەرەبی بوونی داوە لە دەوڵەت و دەسەڵات و بەهۆیەشەوە خەڵکی کوردستان جێگەو رێگەی پلە دوویی بۆ بەبااڵ بڕاوە، لە مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان، لەگەڵ باقی دانیشتوانی عەرەب زمان بێ بەری کراوە...هەر ئەوەش بۆتە منداڵدانی ناکۆکی و تەفرەقە و پاشانش هەڵگشاوە بۆ ململانێ و کاردانەوەی سیاسی... لەو نێوەدا چ خەڵکی عەرەب زمان و چ کورد زمان، رۆڵێکیان نەبووە. بزوتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی و حزب و رەوتە سیاسیەکانی هەوڵیان داوە، بەناوی بەرگری لە یەکپارچەیی و سەروەری عیراق و ئارامی، خەڵکی عەرەب زمان بکەنە دژی خەڵکی کوردستان و لەبەرامبەر بەیەکتریدا رایان بگرن. بزوتنەوەی کوردایەتیش بە حزب و رێکخراوەکانیانەوە هەوڵیان داوە بەهەمان شێوە، خەڵکی کوردستان بکەنە دوژمنی خەڵکی عێراق و هۆکاری نابەرابەری و بێمافی و هەڵاواردن تا دەگاتە ستەمی نەتەوایەتی، لە یەخەی دەسەڵاتی ناوەندی بکەنەوەو بیدەن لە یەخەی خەڵکی عەرەب زمانی بێ دەسەڵات و زوڵمێکراوی ژێر دیکاتۆریەت، و بەم شێوەیە هێندەی بۆیان کراوە هەوڵیان داوە قڵشتی نەتەوایەتی قوڵ بکەنەوە... کەچی بێشەرمانە هەر دوو ئەم دەسەڵاتە چ لە ناوەندو چ لە کوردستان بەناوی خەڵک و کێشەی خەڵکیەوە قسەدەکەن...

هەفتەی رابردوو مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی سەردانی بەغدای کرد و نیازپاکی خۆی بۆ بۆرژازی عێراق دوبارەکردەوەو بەلێدوانەکانیشی نیشانیدا، کە ریفراندۆم تەواو بووە. پێشتریش چ وەفدی پارتی و چ یەکێتی و تەنانەت لایەکانی تریش بەجیاجیا یان بەیەکەوە سەردانی سەرانی حزبەکانی عیراقیان کردووە، هەموو ئەو سەردان و دیدارانەش لە ژێر ناوی خەڵکی کوردستان و دەستبەرکردنی مافەکانیاندا، دەکەن و هەمووشیان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە بەپێی دەستور مامەڵە لەگەڵ خەڵکی کوردستان بکرێت و هەموو لایەک بگەڕێنەوە بۆ دەستور... لەوانەیە خودی پابەندبوون یان خۆبەستنەوەو بەدەستەوە گرتنی دەستور وەکو رێگایەک بۆ چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی بۆرژوازی لە عێراقدا باشترین بەڵگە بێت، بۆ نیشاندانی ئەوەی کە کێشەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ بەغداد، تەواو جیاوازە، لەگەڵ کێشەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بەغدا...

بەجیا لەوەی کە خودی دەستور لە هەلومەرجێکی تایبەتدا و بە پێی تەوافوق نووسراوە، لە ئێستادا هاوسەنگی هێزەکان و هەلومەرجەکە ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووەو ئەوانەی

بۆ لاپەڕە ٢

هێرش بۆ سەر تەڤگەری ئازادی، هێرشە بۆسەر ئازادی و ئازادییە سیاسیەکان، و نۆکەرایەتییە بۆ وڵاتانی سەرکوتگەری ناوچەکە

دوای بڕیارەکەی قوباد تاڵەبانی، هەموو بارەگاکانی تەڤگەری ئازادی دادەخرێن و کونسوڵی تورکیاش ئەو هەنگاوەی یەکێتی بەرزدەنرخێنێت...

٢٥/١١/٢٠١٨ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم! قوباد تاڵەبانی بڕیارێکی دەکرد کە ئەو حزب و ڕێکخراوە سیاسیانەی مۆڵەتی فەرمیان نییە، دادەخرێن...

هەر بەدوای ئەو بڕیارەدا، بەرق ئاسا ٢٧/١١/٢٠١٨ هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی دوای ئەوەی مۆڵەتی ٢٤ سەعاتیان دا بە تەڤگەر کە بارەگاکانیان دابخەن، پاشان بەزۆری هێز لەهەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستان دا، سەرجەم نووسینگەو بارەگاکانی تەڤگەریان بە پاساوی نەبوونی مۆڵەتی یاسایی داخست و ژمارەیەک لە ئەندامانیشیان بۆ ماوەیەک دەستگیر یان دەست بەسەرکران... جێگای باسە کە تەڤگەری ئازادی لەگەڵ دامەزراندنیدا لەسالّی ٢٠١٤ داوای مۆڵەتی یاساییان کردووە، بەڵام وەڵامیان نەدراوەتەوە، هاوکات تەڤگەری ئازادی وەکو لایەنێکی سیاسی لەلایەن کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانەوە بە بەفەرمی پەسەندکراوەو ژمارە ١٣٩ی پێدراوە و مۆڵەتی یاسایشی لە حکومەتی ناوەندی! وەرگرتووە.

بڕیاری دەرکردنی یاسایی جێگری سەرۆکی حکومەت، بۆ ئەو حزب و ڕێکخراوە سیاسیانەی مۆڵەتی یاساییان نییە، هەروەها وەڵام نەدانەوە بەداواکاری ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی داوای مۆڵەتی یاسایی دەکەن، دوای ئەوەهات کە یەکێتی و بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا کۆبونەوەیەکی دوو قۆڵیان ئەنجامدا. بۆیە ئەم هیرشە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مامەڵەی یەکێتی و ئەو سەفەقاتە دیبلۆماسیانەوە هەیە، تا لە ڕیگایەوە، هەر کاتێک ویستیان نۆکەری پیشەیی بە داوای وڵاتانی کۆنەپەرست و چنگ خوێناوی ناوچەکە نیشان بدەن. بۆیە دوای چوار ساڵ لە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەو هەڵسوڕانی، ئیستا کە دەوڵەتی فاشیستی تورکیا داوا دەکات، یەکێتی نیشتیمانی بەدەم بانگەوازی تورکایەوە دەچێت، تا لەچوارچیوەی نۆژەنکردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیادا، تەڤگەری ئازادی بکاتە قوربانی و ڕیگەی هەڵسورانی یاساییان لێبگرێت. یەکێتی لەکاتێکدا هیرش دەکاتە سەر بارەگاکانی تەڤگەر، کە بەبەرچاوی خەلکی کوردستان و دنیاوە، دەیان بنکەو بارەگا و باندنی دەوڵەتی فاشیستی تورکیاو ئیران لە کوردستاندا تەراتین دەکەن و دەرگایان بۆ لەسەر پشتە.

تەڤگەری ئازادی ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتی تورکیایەو ڕێکخراوەیەکی بێ چەک و وەکو خۆیان دەڵێن، پابەندی هەموو یاساو بریارە یاساییەکانی دەسەڵاتی هەرێمن و بریاری داخستنیشیان لەلایەن دەسەڵاتی زۆنی سەوزەوە ڕاستەوخۆ گوێرایەڵییە بە داوای دەوڵەتی تورکیا و وەکو سەفقیەک بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵیدا. هەر لەچوارچێوەی ئەو مەئموریەتە پڕ ریسواییەی یەکێتیدا، ٢٩ی ئەم مانگە کۆنسوڵی تورکیا لەچوارچێوەی کۆبونەوەیەکی لەگەڵ لایەنە تورکمانەکان، ستایشی ئەو هەنگاوەی یەکێتی کرد و بە گرنگی وەسف کرد.

بریاری قوباد تاڵەبانی بۆ داخستن و بەیاساغ نیشاندنی ئەو حزب و ڕێکخراوە سیاسیانەی مۆڵەتی یاساییان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە!! پێ نەدراوەو هێرشی دەزگاکانی ئاسایش و داخستنی بارەگاکانی تەڤگەر، بەجیا لەوەی لە بنەڕەتدا پێشێلکردنی ئاشکرای ئازادی و ئازادییە سیاسیەکانی و هەڵسورانی حزب و لایەنە سیاسیەکانە، هاوکات پەیمان نوێکردنەوەی نۆکەر پیشەییە بە داوای وڵاتانی ناوچەکەو بەتایبەتیش ئیران و تورکیا... ئێمە لەکاتێکدا بەتوندی ئیدانەی بریاری سەرکوتگەرانە و دژە ئازادی جیگری سەرۆکی حکومەت و هێرشی دەزگاکانی ئاسایش بۆسەر نووسینگەکانیان و داخستنیان دەکەین، هاوکاتیش ئەو نۆکەر سفەتییەی حکومەت! و حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بە وڵاتە کۆنەپەرست و سەرکوتکەرەکانی ناوچەکە ڕیسوا دەکەین. وەخوازیارین کە بەرەی ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازی کوردستان، ڕێگە نەدەن لە ژێر هیچ بەهانەیەکی درۆزنانەو پوچدا هیرشەکانیان بۆ سەر ئازادییەکان توند بکەنەوە، کاری ڕێکخراو حزبە سیاسیەکان، چ هی ناوخۆی کوردستان و چ حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکان، سنوردار یان یاساغ بکەن.

بۆچی شەوە

٢٩/١١/٢٠١٨

قوربانیانی تووندوتیژی و نامووسپەرستی

* بەرواری ١٣ی نۆڤەمبەر ژنیکی تەمەن ٣٠ ساڵی نیپاڵی، بەناوی لامو کە لە نیپاڵەوە هاتووە لەکورستان کاری کرێکاریی مااڵن دەکات، تا بتوانێت بژێوی خۆی و خێزانەکانی فەراهەم بکات، دەکەوێتە بەر دەستڕێژی گوللەی ژمارەیەک چەتە، کە بەمەبەستی تااڵنی دەچنە سەر ئەو ماڵەی ئەو ژنە کاریی تیا دەکات...

* کۆتایی مانگی ڕابردوو، لەگەڕەکی ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر کچێک ١٧ ساڵان بە ناوی "شەیما، ک" لەلایەن برایەکییەوە دەکوژرێت... بەڵام حاشا لە کوشتنی دەکەن و ڕایدەگەیەنن کە خۆی کوشتووە، بەڵام لە ٢٠ ئە مانگەو دوای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە ئاشکرا دەبێت کە لەڕێگای برایەکیەوە کوژراوە... هۆکاری کوشتنی ئەو کچە ئەوە بووە کە بە موبایل قسەی لەگەڵ کەسێک کردووە...

* "م، ک" تەمەن دوانزە ساڵ ناوی کچیکە، کە بەرواری ٢٠ ئەم مانگە، ئەوە ئاشکرا دەکات کە کوڕێک بەناوی" س، ی" فریوی دەدەت و پاشان، دەستدرێژی سێکسی دەکاتە سەری... بەوەشەوە ناوەستێت وێنەی تایبەتی کچەکە دەگرێت و هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی دەکات... ئەگەر دوبارە سیکسی لەگەڵ نەکات، سەر ئەنجام ئەو تومەتبارەو چەند تۆمەتبارێکی تر دوای ئەوەی چەندین دەستدرێژی سیکسی دەکەنە سەر کچەکە پاشانیش وێنەی فیدیۆیی کچەی قوربانی و زۆڵمێکراو بڵاو دەکەنەوە...دەوترێت هەموو تۆمەتبارەکان دەستگیر کراون...

دریژەی وتەی ژمارە...

هاوسەنگی هیز بەقازانجیان بووە، داوای زیاتر دەکەن و ئەوانەشی... پێگەیان بەرەو لاوازی چووە داوای پێداگری و پابەندبوون بەدەستور دەکەن... خودی دەستور هەرگیز وەکو بەڵگەنامەیەک و چاوگی یاساکان و چوارچیوەیەک بۆ بەشی بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، مامەڵەی لەگەڵ نەکراوەو هەمیشە لە ژێر پێ و چەکمەی میلیشیاکاندا بووە، بەڵام ئەگەر ئەوە بە فەرز وەربگرین هەموو لایەک پابەندی دەستورن، کێشە ئەوە نییە کە حزبەکان پابەندی دەستور نین، کیشە خودی دەستورەکەیە...

دەستور لەسەر بنەمای سازان و هاوسەنگی هێز نووسراوەو بەپێی ئەو دەستورەش فیدرالیزمی قەومی کراوەتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی پێکهاتە نەتەوەیی و قەومییەکان... ئەمەش لە جێگای ئەوەی مافی هاوڵاتی بوون، قلشتی نەتەوایەتی و مەزهەبی کردۆتە پایەکانی پیکهێنانەوەی دەوڵەتی عێراق، ئەم مۆردانە لە جیاکاری و هەڵاوردنی قەومی و دینی، خۆی بۆتەوە سەرچاوەی کێشەی ناو هێزەکانی خانەوادەی بۆرژوازی کوردو بەڵایەکی جێگری فەرمیش بۆ سەر دانیشتوانی عیراق و لێکدابڕدابڕکردنی خەڵکی عێراق، هێشتنەوەیان لەبەرمبەر بەیەکتریدا، بە دنەدانی حزبەکان و ڕەوتەکانیان...

لایەنەکانی سیاسیەکانی بۆرژوازی عێراقی، بە "عەرەب و کوردەوە"، بە سونی و شیعەوە" کێشەی دەستوریان هەیە، چونکە بەجیا لەوەی دەستور سەنەدی دەوڵەت و قەوارەی دەوڵەتییە، کەلەعێراقدا دەوڵەت پێک نەهاتۆتەوە، هاوکاتیش دەستور بەپێێ سازان و هاوسەنگی هێز نووسراوەو بەشی بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و نەتەوەو تایفەو دینی و مەزهەب... داڕێژراوە. ئەمەش ئاڵوگۆری بەسەرداهاتووە، حزب و لایەنەکانیش نەک لەسەر بنەمای دەستور، بەڵکو لە سەر ئەساسی هێزی ئێستا و ئەمری واقع مامەڵە لەگەڵ هەلومەرجی عێراق دەکەن... لەو چوارچێوەیەشدا بەش و دەسەڵاتەکان گۆرانیان بەسەردا دێت، کێشەی لایەنە سیاستەکانی عێراقیش لەسەر ئەو بەش و دەسەڵاتەیە، نەک مافی هاوڵاتیان و ماف و ئازادییەکانیان...

کێشەی سەرەکی خەڵکی کوردستانیش لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی نە بوودجەیە نە دەسەڵاتە، نە خاڵە سنوورییەکان و مادەی سەدو چل و کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان و کردنەوەی فرۆکەخانەکان و سەر ژمێری و یاسای نەوت و غازە، بەڵکو هەموو ئەمانە دەرهاویشتەو دەرئەنجامی گرفتی بناغەیی ترن... کە بوونەتە مۆتەکەش بەسەر خەڵکی کوردستانەوە. کێشەی بنەڕەتی فیدالیزمی قەومی و لکاندنەوەی کوردستان بە عێراق و دەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزبی بۆرژوازی کوردە... تا ئەو دوو گرفتەش وەڵامی کارسازو گونجاو وەرنەگرنەوە، کێشەی خەڵکی کوردستان نەلەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی کۆتایی دێت و نە لەکوردستانیش خەڵک و هاوڵاتیان دەتوانن دەستیان لە ماف و ئازادییەکان گیر دەبێت. خەڵکی کوردستان لە بنەڕەتدا لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد دەرگیرە، کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزاب و ڕامااڵینیان لە ڕێگای شۆڕشی لە خوارەوەی جەماوەری ڕێکخراو و بە ئاسۆی ڕۆنی سیاسی و سۆشیالیستی، پیش مەرج و هەنگاوێکی چارەنووسازە بۆ چارەسەری گرفتی فیدرالیزمی قەومیش لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و ناچارکردنیان بەوەی کە ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان و مافی جیابوونەوەی بەپێی ئاکامەکانی ریفراندۆم بۆ بە فەرمی بناسن...

کۆبونەوەی جی ٢٠ بۆ بێمافکردنی زیاتری خەڵکی جیهانە!

نووسینی: موزەفەر عەبدوڵا

بڕیارە ڕۆژی ٣٠ نۆڤەمبەر و یەکی دیسەمبەر لە شاری بۆینس ئایرسی پایتەختی ئەرژەنتین دوانزەهەمین کۆبونەوەی ساڵانەی بیست دەوڵەتە زلهێزە ئابووری و سیاسی و سەربازییەکەی جیان ببەستڕێت. هەڵبەت ئەمە یەکەمین کۆبونەوەیە کە لەوڵاتێکی ئەمریکای لاتین دەبەستڕێت. هەر بۆیە هەموو سەرانی ئەم دەوڵەتانەو دامەزراوە زەبەلاحە ئابوری و دارایییەکانیان بەدڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە بەرەو پیری کۆبونەوەکە دەچن. ئەمەش بەهۆی ناڕەزایەتی قوڵی زۆرایەتی خەڵکی ئەم وڵاتانە لە کریکاران و تویژە بەشمەینەتەکان لە دژی ئەم دەوڵەتە سەایەدارییە ئیمپریالیانە. زیندوترین بەڵگەش بۆ ئەم ناڕەزایەتیە قوڵەی خەڵک و بەرەی چەپ و کرێکاری و ئازادیخوازی وێڕای ناڕەزایەتی هەزاران کەس لە شەقامەکان و نزیک شوێنی بەستنی ئەوکۆبونەوەیە هاوکات یەکەمین کۆبونەوەی نەیاری جی ٢٠ بەناوی کۆڕبەندی جیهانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە جی ٢٠ بە سەرۆکایەتی کریستینا فیرناندیز سەرۆکی پێشوی ئەرجەنتین دەبەستڕێت. هەروەها سەرۆکی پێشوی بەرازیل دیلما روزیف و زۆر سیاسەتمەداری تر کە لەڕوانگەی چەپەوە دژی سیاسەتەکانی ئەم دەوڵەتە زلهێزانەن بەشداری دەکەن. ئەگەرچی ئەم سیاست مەرادانە لە ڕوانگەی چەپێکی پۆپۆلیستی و نیشتیمانییەوە دژی ئەم کۆبونەوەیەو ئەجندای نیولیبرالیزمن، بەڵام گرینگ تر لەوانە ناڕەزایەتی ملیونی جەماوەرە لە دژی سیاسەتی ئەم دەوڵەتە زلهێزانە. شایانی ئاماژەیە ئەم جی ٢٠ لە ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن حەوت دەوڵەتە زلهێزە پیشەسازی یەکەی جیهانەوە پێکهات بۆ وەڵامدانەوە بە کیشەو گیروگرفت و قەیرانە ئابوری و دارایییەکانیان کە لەو کاتەوە زیاتر سەر هەڵدەدا. تا لە دوای قەیرانی ئابوری ٢٠٠٨ هەشت وڵاتی ئابوری تازەهەڵچویان کردە ئەندام. بە پێی زانیاری و ئامارەکان ئەم بیست دەوڵەتە سێ یەکی بازرگانی جهان و لەسەدا نەوەدی بەرهەمی خاوی جیهانیان لا کۆبۆتەوە. لەم کۆبونەوەیەش بڕیارە لەسەر سێ تەوەرە قسەوباس بکەن ئەوانەش پاشەڕۆژی کارو ژێر خانی گەشەپێدان و پرسی خۆراک. دیارە لەم کۆبونەوەیەدا جگە لە سەرۆک و گەورە بەرپرسانی بیست دەوڵەتەکە زۆر سەرۆکی تر بەشداری دەکەن، لەگەڵ بەڕێوەبەرانی دامەزراوە ئابوری و دارایی و سیاسییەکانی دونیا لەوانە سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی و دراوی نێودەوڵەتی و بازرگانی جیهانی و سەرۆکی نەتەوە یەکگرتوەکان و ... هتد، هەروەها لەپەراویزی ئەم کوبونەوەیە دەیان کوبونەوەو دیداری سەرۆکی دەوڵەتەکانیش ڕێکدەخرێت، بەڵام خاڵی سەرنجی ڕەخنەو ناڕەزایەتی و دژایەتی زۆرایەتی جەماوەری ستەملیکراو و هەژارکراو برسیکراو و بەرەی چەپ و کریکاری و کۆمۆنیستی لەم کۆبونەوەیەو ئەجندەو هەموو سیاسەتەکانی ئەم بیست دەوڵەتە گەورەیەو هەموو دەوڵەتەکانی دونیاش ئەوەیە کە ئەمانە هیچیان لە پێناوی نەک کۆتاییپێهێنانی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان و ئازادییە سیاسیەکانی زۆرینەی جەماوەر نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە پێناوی زیاتر برسیکردن و هەژارکردن و کۆچپێکردنیانە. ئەم کۆبونەوانە بۆ ئەوەیە چۆن سەرمایەی جیهانی و چینی بۆرژواو دەوڵەت و کۆمپانیاو دامەزراوە ئابورییەکانیان توشی گیروگرفت و قەیرانی ئابوری و دارایی نەبن. هەروەها چۆن زۆرترین هێزی کاری هەرزان و ئاساییشیان بۆ دابین بکەن. بێگومان ئەوەش لەڕێگای زیاتر برسیکردن و هەژارکردن و بێکارکردن و ئاوارەکردنی خەڵکەوەیە. بە تایبەتی خەڵکی وڵاتانی ژێر دەستەی سەرمایەی ئیمپریالیستی هەر وەک چون لە٢،٣ دەیەیەی ڕابردوە هەموومان شایەدی دیاردەی کارەسات بارە کۆمەڵایەتیەکانین. دیاردەی بێکاری و هەژاری و برسیتی و قاتوقری و کۆچی ملیونی خەڵک لەم وڵات بۆ ئەو وڵات بە تایبەتی بۆ وڵاتانی ئەروپاو ئەمریکاو ئوسترالیا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کارەساتباری ئاشکرا بووە. دیارە ڕوەیەکی تری ئەم دیاردانە شەرو کوشتو کوشتارو وێرانکردنی ئەم وڵاتانەیە لە ئەفریقا و ئاسیا وە تا ئاسیای ناوەڕاست و ئەوروپای ڕۆژهەڵات. بۆیە خۆشخەیالییە هەر کەس و لایەنێک چاوەڕوانی بەهەرپلەیەک باشی لەم کۆبونەوانە هەبێت بە قازانجی کەمترین ریفۆرم لە پێناوی ماف و ئازادییەکانی خەڵک. ئەم کۆبونەوانە کۆبونەوەی سەرانی گەورە تاوانبارەکانی بۆرژوازین بە ڕاست و چەپیانەوە. وەک وتمان هەموو ئەم کۆڕو کۆبونەوانە کە سالانە دەکرێت دەکەوێتە بەر ناڕەزایەتی قوڵی جەماوەر و ڕەوت و ڕێکخراوە چەپ و کریکارییەکانەوە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ڕۆژگارێک دێت پێ بە پێی بەهێزبوونی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و ئاستی ڕێکخرابوونی کرێکاران و چەپ و کۆمۆنیستەکان ئەم سەرکردەو بەرپرسانەی کۆمپانیاو دامەزراوە خوێن مژەکانیان ناتوانن وا بە ئاسانی ئەم کۆبونەوانە ببەستن و تەرازوی هێزی ململانێی نێوان ئەمانەو جەماوەری ناڕازی بە قازانجی جەماوەر تەواو دەبێت.

خەڵک و ژنانی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی تونس، بەرەی کۆنەپەرستی دەشکێنن و یاسای دژە ژنی شەریعەتی ئیسلامی وەلادەنێن!

حکومەتی تونس موسادەقە لەسەر پرۆژە یاسای یەکسانی ژن و پیاو لە میرات دا دەکات!

ئامادەکردنی: شوان عەزیز

حکومەتی تونس کۆمەڵێک یاسای گرنگ لە پەیوەند بە یەکسانی ژن و پیاوەوە دەردەکات. ئەمەش بەهەرەسێکی تر دادەنرێت بۆ بەرەی کۆنەپەرستی و دژە ژنی شەریعەتی ئیسلامی لە نێو دەستووری تونس دا. لە نێو ئەو یاسایانەدا یەکسانی ژن و پیاوە لە میرات دا. ئەمەش وەک هەوالێکی گرنگ کەوتۆتە بەردەستی ڕاگەیاندنەکانەوە.

بۆ نموونە لە مالپەڕی القدس العربیدا بڵاوکراوەتەوەو ئەنازۆلیش کۆپیەکی لەو بەیانە دەست کەوتووە کە لە سەرۆکایەتی حکومەتی تونسەوە دەرچووە.

هەندێک لەو یاسایانەی کە حکومەتی تونس دەری کردوون وە دەیەوێت بیانخاتە بواری جێبەجێکردنەوە لە پەیوەند بە یەکسانی ژن و پیاوەوە ئەمانەی خوارەوە بەشێکیانن:

١-یاسای ماف و ئازادیەکانی تاک ٢-لابردنی حوکمی یاسای ئیسلامی لە سەر مافە فەردی و مەدەنیەکان ٣- هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان ٤-یەکسانی منداڵان لە نێوانی ئەوانەی کە لە ناو خێزاندا لە دایک دەبن و ئەوانەشی کە لەدەرەوەی خێزاندا لە دایک دەبن ٥- یەکسانی ژن و پیاو کە پێشتریش یاسای بۆ دانراوەو خراوەتە دەستووری تونسەوە ٦- یەکسانی ژن و پیاو لە میرات و تەواوی بوارەکانی تری ژیاندا. ٧- دەستکاری کردن و هەموارکردنەوەی یاسایەکی پێشووتر کە ڕێگەی نەدەدا کە کچێکی موسڵمان شوو بە کوڕێکی نا موسلمان بکات. ئێستاو بە پێی یاسای تازە بەڵێ موسڵمان بۆی هەیە چ کوڕ چ کچ زەواج بکەن لەگەڵ غەیرە موسڵمانێک.

ئەمانەی سەرەوە بەشێکن لەو یاسایانەی کە حکومەتی تونس بە سەرۆکایەتی سەرۆک سەبسی دەریکردوون و دەیەوێت بیانخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

خاڵی گرنگ و پرشنگدار لەو یاسایانەدا بۆ بەرەی مەدەنیەت و یەکسانیخوازو ئازادیخوازو لەسەرووی هەموشیانەوەو لە هەموویان گرنگتر بۆ بەرەی ژنان ئەوەیە کە زوربەی ئەو یاسایانە دژایەتی حوکم و یاساو شەریعەتی ئیسلامی دەکەن. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خەڵکی وڵاتی تونس بە گشتی و بە تایبەتیش ژنانی ئەو وەڵاتە ڕۆڵی کاریگەریان هەیە و حکومەتیان ناچارکردووە کە گوێیان لێبگرێت .

بۆیە دەرکردنی ئەو یاسایانە چاکەیەک نییە کە حکومەتی تونس لە خۆشی خۆیەوە دەری کردبن و وەک دەسکەوتێکی ئەو دەسەڵاتە بە خەڵک و بە تایبەتی بە ژنانی تونسی بفرۆشێتەوە. ئەمە بەرهەمی مەدەنیەتی کۆمەڵگایە کە دەسەڵات ناتوانێت لێی ڕابکات. ئەمە بەرهەمی ژنانی تونسە. هەروەک عەبدولا مەحمود دەڵێت:"دیارە ئەمەش خێرو سەدەقەی دەسەڵات نییە، بەڵکو بەرهەمی چوونە پێشی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری و ڕەوتی مەدەنی وبزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی تر"

تەنانەت سەرۆکی تونس خۆشی ڕووبەڕووی خەڵکی تونس لە مەڕاسیمی ڕۆژی نیشتیمانی ژناندا وتی "ئیتر نە باوی ئەوە ماوە نە ئیتر سەردەمی ئەوە ماوە کە ژن و پیاو یەکسان نەبن"

سەرۆکی تونس لە بۆنەی جەژنی نیشتیمانی ژنانی تونس دا لە وتەیەکیدا کە بۆ ئاپۆڕای خەڵک و ژنان قسەی دەکرد وتی: "ژن و پیاو یەکسانن نەک هەر لە میرات دا، بەڵکو لە تەواوی بەش وجومگەکانی ژیاندا. ئەمەش لە دەستووری تونس دا چەسپاوە"

ئەم قسەیەی سەرۆک هەروەک خۆشی لە قسەکانیدا ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەردا لەسەر بابەتی یەکسانی ژن و پیاوانەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە بە پێی یاسای تازە ژن و پیاو لە تەواوی مەجالەکاندا دەبێت یەکسان بن، نەک هەر لە مەسەلەی میرات دابەشکردندا.

ئەم یاسایانەی تونس کە زوربەیان لە بەرژەوەندی ژناندان و ڕووی مەدەنیەتی کۆمەڵگەی تونسی نیشانی جیهان دەدەن، بەرەی دژایەتی کردنیان هەیەو کێشمەکێش وجەدەلی زۆری لە نێو کۆمەڵگەی تونسیدا دروست کردووە. تەنانەت هەندێک لایان وایە ئەم یاسایانەی تونس بوونەتە یاخوود دەبنە پرسی جیهانی و قسەیان لەسەر دەکرێت.

بەرەی کۆنەپەرستی و دژە یەکسانی و مەدەنیەت کە یاساو حوکمی شەریعەتی ئیسلامی ڕابەرایەتی دەکات دەستەوەستان دانەنیشتوون و ئەوەتا بە هەزارانیان کەوتوونەتە سەرشەقامەکانی شارەکانی تونس و دژایەتی خۆیان بۆ ئەو یاسا تازانە نیشان دەدەن. پاساوی ئەو بەرە کۆنەپەرستە بەپێی لێدوان و وتاف و شیعارەکانیان ئەوەیە کە ئەم یاسا تازانە کۆمەڵگەی تونسی خراپ دەکەن و بەتایبەتی دەبنە هۆی لێکهەڵوەشاندنی خێزانی تونسی، بەڵام هەروەک سەرۆکی تونسیش ئاماژەی پێداوە ئیتر سەردەمی ئەو قسەو پاساوە سواو و کۆنانە نەماوەو ئیتر خەڵکی چی تر باوەڕی بەم پاساوانە نییە

پرسیارەکە لێرەدایە" ئایا خەڵکی تونس و بە تایبەتی ژنانی تونس خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەکەن یاخود لە توانایاندا هەیە کە پارێزگاری لەو یاسایانە بکەن؟

بۆیە دەبێت بەرەی مەدەنی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی و یەکسانیخوازی جا با لە دەرەوەی تونسیش بێت ئەبێ ئەو دەسکەوتەی خەڵک و ژنانی تونس بەهی خۆی بزانێت و بەرگریشی لێ بکات. چونکە ئێمە دەبینین کە بەرەی کۆنەپەرستی بەرەیەکی جیهانیەو لۆکاڵی نییە، بۆیە لە هەر سوچێکی ئەو جیهانە تروسکەیەکی مەدەنیەت ببینن لێی دەکەونە تەقە.

نزیکەی مانگێکە، بزوتنەوەیەکی بێوێنە لە فەرەنسا پەرەدەستێنێ!

نووسینی/ لیۆن کریمیۆ

وەرگێڕان و ئامادەکردنی/ ئاراس ڕەشید

لە ١٧ی نۆڤەمبەرەوە، نزیکەی ٢٥٠٠ بەربەست لە چوارڕیانی ڕێگاکان داندراون. بەپێی وتەکانی پۆلیس نزیکەی ٣٠٠ هەزار "ئێلەگی زەرد" کۆکراوەتەوە. خۆپیشاندەران ئێلەگی زەردی سەلامەتیان لەبەرکردوە (ئەو ئێلەگانە لەکاتی ئاساییدا بۆ سەلامەتی کارتی کارکردن لەبەردەکرێن). هەفتەی دوای ئەوە، بەربەستەکان لە دەوری شارۆچکەکان و ناوچە دێنشینەکان بەردەوامی هەبوو. ڕۆژی شەممە ٢٤ی نۆڤەمبەر، سەرلەنوێ هەستان بەژمارەیەکی زۆر چالاکی: پتر لە ١٠٠ هەزارکەس بەشداریکرد، لە ناویاندا ٨٠٠٠ لە پاریس لە شانزلیە، لەگەڵ ١٦٠٠ بەربەست لە ناوچەکە.

لەو بزووتنەوەیەدا هیچ حزب و نەقابەیەک دەستپێشخەری نەکردووە. بەتەواوی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەستیپێکرد، دژ بە زیادکردنی باجی کاربۆن لەسەر وزە، لە ڕێگەی بەکاربردنی ناوەخۆیی لەسەر بەرهەمەکانی وزە (TICPE)کە بڕیارە لە ١ی جەنیوەری ٢٠١٩دا بڕی ٦,٥سەنت بۆ هەرلیترێک دیزل (گاز) و ٢,٩ سەنت بۆ لیترێک لە SP95.سالّی ٢٠١٨ بڕی ٧,٦ سەنت باج لەسەر هەرلیترێک لە دیزل زیادیکرد، بەمجۆرە نرخی بوو بە ١,٤٥€. دەوڵەت لە ئێستادا نزیکەی ٦٠%ی باج وەردەگرێت، واتە نزیکەی ٨٥,٤ سەنت. حکومەت نەخشەی هەیە بۆ زیادکردنی زایتر لە سالّی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ بە بڕی ٦,٥ سەنت لە سالّێکدا. ئەمەش گەورەترین ڕێژەی باجە لەسەر دیزڵ لە ئەوروپا لە دوای بەریتانیا و ئیتالّیا. لە فەرەنسادا، بەپێچەوانەی زۆربەی وڵاتە ئەوروپیەکانیتر، دیزڵ گرنگیەکی زۆرتری هەیە، و ٨٠% سووتەمەنی بەکارهێنراوە. دیزڵ بە ڕێژەی ٢٣% لەم سالّدا زیادیکردوە.

لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا بانگەواز دژ بە بەم زیادەیە لەباج کرا، و لە بلّاوکراوەی لۆباغیزیان Le Parisienدا بلّاوکرایەوە، کە ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگ و پێشەنگە، و سەدان هەزار واژۆ لە ناوەراستی ئۆکتۆبەر و پتر لە ملیۆنێک لە کۆتایی نۆڤەمبەر کۆکرایەوە. لەوکاتەوە؛ سەدان گروپی فەیسبووک لەسەرتاسەری وڵات پێکهات. کرتەی ڤیدیۆیی دژ بە باج ملیۆنان جار نیشاندران و بینران لەسەر ئەنتەرنێت(لەناویاندا یەکێک لە نوێنەرە ناوخۆییەکانی گروپی ڕاستی تونڕەوەکان" فەرەنسا هەستە" (Debout la Franceەوە ئامادەکرابوو. ڕۆژی ١٧ی نۆڤەمبەر شوفێرێک بانگەوازی گرتنی ڕێگای پاریسی بازنەیی کرد. لەوکاتەوە، میژووی ١٧ی مانگ ئەو کاتە بوو کە هەموو گرووپەکان هەڵیان بژارد لە پێناو گرتنی ڕێگا ناوخۆییەکان و چوارڕیانەکان، ئەمەش لەلایەن دوو لەوانەی ئێلەگی زەردیان لەبەرکرد بوو لەسەر ئەنتەرنێت بۆ ئەو بۆنەیە ئامادەیان کردبوو. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژانە سەرەکیەکان لە سەرووبانەوە BFM TVئەو مۆمەی هەڵگیرساند و هانی گەورەکردنی ئەو دیاردەیەیدا.

بزووتنەوەکە وەک ئاگری ناو پووش بلّاوبۆوە، بە واژۆیەک دەستیپێکرد.

سروشتی ئەو بزووتنەوەیە چۆنە یان چییە؟

ئەم بزووتنەوەیە حکومەت و بەرپرسان و نەقابە و سیاسیەکانی توشی شۆک کرد! بلّاوبوونەوەی لەناو تویژی جەماوەری زەحمەتکێش و هاوسۆزی فراوان، سەرسوڕهێنەربوو. بەتایبەت بەڵێندەرەکان، و هاوپشتی زۆری دانیشتوان (٧٠% لایەنگری لە ئیۆارەی ١٤ی بۆڤەمبەر). دروستکردنی کاریکاتێر لە زۆرێک لەناو چەپ و هاوارکردنیان بە تێکەڵکردنی هەموشتێک، دژ بە خاوەن کارانی ڕێگاوبان و گواستنەوە و دەستی ڕاستی تونڕەو. سەرەڕای ئەوەش، هەموو نەقابەی خاوەن کاری گواستنەوە و ڕێگا ئیدانەی ئەو بەربەستانەیان کرد، و داوایان لە حکومەت کرد بەلابردنیان.

سەبارەت بە باڵی ڕاستی تونڕەو، ڕاستە کە نیکۆلاس دوبونت ئایان ڕابەری بزووتنەوەی فەرەنسا هەستە لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەر بانگەوازیکرد، و بە ئێلەگی زەردەوە لە ڕاگەیاندنەکان دەرکەوت. بەهەمان شێوە (بەڕەی نیشتمانی سەر بە مارین لۆبان) پشتیوانی ڕاگەیاند و ئیدانەی دانانی بەربەستی سەر ڕێگاکانی کرد... بەڕۆشنی زوربەی ڕێکخەرانی ئێلەگە زەردەکان هەوڵیاندا خۆیان بەدووربگرن لەو پشتیوانیە هیلاک کەرە. کۆماریەکان و حزبی سۆشیالیستی بەبێدەنگی هاوسۆزیان بۆ بزووتنەوەکە دەربڕیبوو. لەبەرامبەردا، بەڕپرسان لە (حزبی یاخی فەرەنسا) ی وەک جان لۆک میلانشون یان فرونسوا غیفان هەروەها ئۆلیفی بۆزنسنۆ (ئەو حزبە تازەیەی دژ بە سەرامایەداریە) لە زۆرێک لە وتارەکانی سەر تەلەفزیۆنیاندا، کۆک بوون لەسەر پشتیوانی لە بزووتنەوەکە، هەموو نەقابە گەورەکان نەک تەنها CFDTو FOبەڵکو CGTو Solitaires پشتیوانیان لە خۆپیشاندانەکان ڕەتکردەوە، جەختیان لەوەدەکردەوە کە ئەوە یاریەکی ڕاستی تونڕەوە و ڕێگاکانیان گرتووە.

لە ڕاستیدا ئێلەگە زەردەکان ڕەنگدانەوەی بزووتنەوەیەکی قوواڵترە لە تۆڕی جەماوەری زەحمەتکێش. ڕۆژانە ١٧ ملیۆن کەس لە دەرەوەی شارەوانیەکانی خۆیاندا دەچنە سەرکار، واتە ٢لەسەر ٣ی دانیشتوانی کرێکار، ٨٠% ئۆتۆمۆبیلی خۆیان بەکاردەهێنن. بۆیە؛ دڵەڕاوکێ لە نرخی سووتەمەنی دڵەڕاوکێیەکی کۆمەڵایەتیە. لە ناوچەی پاریسی گەورە (تەنانەت لە پاریس، لە هەر ٢ فەرمانبەرێک تەنیا یەکێکیان ئامرازی گواستنەوەی گشتی بەکاردەهێنێت بۆ سەرکار).

پرسی باجی زیادە، واتە زوربەی زۆری کەم دەرامەت و هەژارەکان؟

کەم دەرامەتەکان، بەتایبەتی خێزانەکان، ناچار دەبن زیاتر لە دەرەوەی ناوەندی شار و شارستانیدا بژین. چونکە کەم دەرامەتی دووەمکەوتنەوە لە شوێنی کار بەهێزدەکات. لە ناوچەی پاریس، ٥٠% یان ئۆتۆمۆبیلەکانیان بەکاردەهێنن بۆچوونە سەرکار، بۆیە ناچارن لە دەوروبەری شاردا بژین، یان لە سەعاتکاری جیاجیادا کاربکەن.

نرخی هاتوچۆ بە ئۆتۆمۆبیل تەقیەوە، بەتایبەت دیزڵ، ئەمەشە بەپێی هەڵاوسان و بەرزنەبوونەوەی هەق دەست.

ئێلەگ زەردەکان تورەیی جەماوەری بەشێوەیەکی چینایەتی ڕۆشن ڕاکێشدەکەن، ئەوەش سەبارەت بە توانای کڕین و مووچە هەقدەستەکانیان.

نەمانی متمانە بەحکومەت، ئەو نەفرەت و تووڕەییەی زیادکردووە، هەروەها هێرشکردنە سەر هێزی کڕین و مووچەی خانەنشینی، لەبەرامبەر ئەو دیاریە زۆرانە بۆ دەوڵەمەندان و سەرمایەداران. بەمجۆرە متمانە بەو حیزبە سیاسیانەی کە بەرپرسن لەم هەلومەرجە بە نۆرە ئیدارەدانی وڵاتیان بەدەستەوە بووە. ماکرۆن سوودی لەم بێمتمانەییە وەرگرت و هەڵبژێردرا، ئەویش ئێستا بەپێچەوانەوە ئەنجامەکانی تاقیدەکاتەوە.

لەسایەی چاکسازیەکانی باجی حکومەت(لابردنی باج لەسەر سامانی ISF، و باجی جێگیر لەسەر داهاتی سەرمایە)، داهاتی دەوڵەمەندەکان ١% بە ڕێژەی ٦% بەرزبۆتەوە، داهاتی ٠,٤%ی دەوڵەمەنتر توانای کڕینیان بە ٢٨٣٠٠€، و ٠,١% دەوڵەمەنتر بە ٨٦,٢٩٠€ بەرزبۆتەوە). لەوکاتەشدا، ٢٠%ی کەمتر دەوڵەمەند کەمی کردووە، ئەوەش لە ونبوونی زیادکردنی قەرەبووی کۆمەڵایەتی، و چاکسازی قەرەبووی شوێنی نیشتەجێبوون، کەمکردنی مووچە، لەهەمان کاتدا زیادبوونی نرخی شتومەک.

جەماوەری نەبوونی حکومەت و قەیرانەکانی..

بۆ ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوان، ماکرۆن پسپۆرە بۆ دەوڵەمەندەکان و زۆر دەوڵەمەندەکان. زیادکردنی باجی سووتەمەنی کاریگەری زۆری لەسەر ئەوانە داناوە کە مووچەیان کەمە.دوای دانی دیاری زۆر بۆ چینە داراکان، ئەوانەی پشتی حوشتریان شکاندوە.

سەرەڕای ئەوە؛ لە هاوینی ڕابردووەوە، حکومەتی ماکرۆن چووە ناو قەیرانێکەوە، بەهۆی سیاسەتی چینایەتی و لەدەستدانی متمانەوە. پرسی بینالا Benallaفەزیحەی هاوین. ئەلکسەندەر بینالا، پیاوی ئاسایشی تایبەتی ماکرۆن، تاوانبارکرا بە دەستدرێژی بۆسەر خۆپیشاندەران لە ١ی مانگی مەی ڕابردوو، ئەو فەزیحەیە بەکارکردنی سەرۆکایەتی ئاشکرابوو و تۆمەتبارکرا. بەکارهێنانی خزمەتگوزاریەکانی دەوڵەت بۆ پێویستیە شەخسیەکان، لەگەڵ پاداشتکردنی هاوکارانیان. ئەوەش بەشێوەیەکی جیاواز فەزیحەی ئیۆارەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیمان بیردێنێتەوە.

بەدوای فەزیحەی بینالا، دەستەکارکێشانەوەی هۆڵت هات (بەرپرسی ژینگەی ماکرۆن)، ئەمەش دوای دەستبەردارببوون لە ژمارەیەکی زۆر لە بەڵێنەکانی ژینگە. لەو سەروبەندەدا کلۆمب، لە سەرەتای پاییز، وەزیری ناوەخۆش دەستی لەکارکێشایەوە، ئەوەش لەگرنگترین پاڵپشتەکانی سەرۆک بوو. ئەم قەیرانە ناوخۆییە یەک لەدوای یەکانە، بوونە هۆی خوێن بەربوونی ئەم حکومەتە، و لاوازبوونی قاعیدە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی. هەموو ڕاپرسیەکان دەریدەخەن کە ئاستی جەماوەری ماکرۆن کەمترە لەوەی فرانسۆ هۆلاند هەیبوو دوای ماوەی سەرۆکایەتیەکەی.

داواکاری ئێلەگ زەردەکان؟

لەهەموو نامەکانی ناو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی ئێلەگ زەردەکان ولەسەر بەربەستەکان دەردەکەوێت، کە داواکاریان کشانەوەی باجی سووتەمەنیە!، بەڵام پترە لە تەنیا تووڕەیی لە گرانی، داواکاری گەڕانەوەی باج لەسەر سامانە... زۆرجار داواکە بەڕاشکاوی و بەسادەیی بریتیە لە دەست لەکارکێشانەوەی ماکرۆن!!

بۆ پاساوهێنانەوەی زیادکردنی باجی سەر سووتەمەنی، بەکارهێنانی پشتیوانی جەماوەری، حکومەت بیانووی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای بەکارهێناوە. لەهەمانکاتدا، نەهێشتنی ئەو گازانەی دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و تەنە هەستیارەکان. قسەکەری حکومەت بەنیامین جریفۆ پێیوایە کە سەرنجی پشتیوانی چەپی ژینگەیی ڕادەکێشێ و ڕوو لەوانە دەکات کە "ئەوانەی جگەرە دەکێشن و سواری ئۆتۆمۆبیلی دیزڵ دەبن". بەڵام تەنانەت لە دەنگدەرانی ناو ژینگەییەکانیشدا، زیادکردنی باج سەدای نەبوو، ئەو بانگەوازە زەلیلەی حکومەت نەیجوڵاندن.

هۆکاری سەرەکی ئەوەیە، کە سیاسەتی حکومەت وەکو ئەوانەی پێشەخۆی، پشتیان لە پێویستیە ئیکۆلۆجیە هەنووکەییەکان کردوە (مەبەستی پیسبوونی ژینگەیە):.دوای بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبیل و دیزڵ، هیچ کارێکیان نەکردووە بۆ گەشەپێدانی ئامرازی گواستنەوەی گشتی لەناوچە لادێیەکان و دەوروبەری شارەگەورەکان. لەکاتێکدا چینە زەحمەتکێشەکان زۆرتر و زۆرتر لە شوێنی کار و ناوەندە شارستانیەکان دوور دەکەونەوە. ملهوڕیەکی حکومی هەیە بۆ دژایەتی زۆرتری ئەو خەڵکانەی کە ناتوانن شێوەی هاتوچۆ و گوستنەوەیان بگۆڕن... یان ئۆتۆمۆبیلەکانیان!

لەگەڵ هێرش بەدژی هێڵی ئاسنینی SNCF، حکومەت دەیەوێت پتر لە ١١هەزار کم لە هێڵی ئاسسنین لابەرێت، بەشێوەیەکی گەورە قوربانی بە شەمەندەفەر داوە لەبەرژەوەندی ڕێگای سەرزەوی. لەهەمان کاتدا، کۆمپانیای نەوتی" توتاڵ" بەدەرکراوە لە دانی باج، و ئازادی هەیە لە بەردەوامی لە پاڵاوتنی نەوت. لەوەش زیاتر، لە گفتوگۆیەکی ماڵیدا بۆ ساڵی ٢٠١٩، ئەوە ئاشکراکرا کە پتر لە ٥٠٠ملیۆن لە باجی کاربۆن بەکارناهێنرێت بۆ گۆڕانی ئیکۆلۆجی، بەڵام بۆ ڕزگارکردنی کورتهێنان لە بودجەی ٢٠١٩ بۆ لابردنی باجی سامان بەکار هاتووە!!

بەدرێژایی ئەم چەند هەفتەیە، حکومەت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەوڵیانداوە کە متمانەی ئەو بزووتنەوەی لەکەداربکەن، لەگەڵ ناتۆرەنانەوە بۆیان؛ وەک "فەرەنسای فەرامۆشکراو"، و "ناوچە لەبیرکراوەکان"، لەکەدارکردنی بە"جاک" واتە (گێرەشێوێنی و تونڕەوی). بەخەڵکی نەخوێندەوار و ناهۆشیار بە گۆڕانکاریەکانی کەش و هەوایان ناوزەد دەکەن (بڕوانە شیکاری جیرارد نۆیریڵ).

ئەی چی دەربارەی بزووتنەوەی کرێکاری ڕێکخراو؟

بزووتنەوەی کرێکاری و ڕێکخراوەکانی نەبوون کە دەستپێشخەری بزووتنەوەی ئێلەگ زەردەکان بکەن. ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە لە ئێستا کە کاریگەری لە زۆرێک لەوناوچە و گروپی کارانەدا نەکردوە. وەک ئەوەی بەرپرسێک لە کۆمەڵەی ئەتاک ATTACو دەزگای کۆبرنیک Copernic لە ڕۆژنامەی لۆمۆندا گووتی "لە ئەنجامی شکستی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ساڵانی ڕابردوو. هەروەها ئارەزوو بوون لە دانانی بەربەستەکان و هەستان بەکاری ڕاستەوخۆ، لە ئەنجامی ئەوە هاتووە کە هەموو شێوە تەقلیدیەکانی پێشووی خۆپیشاندنان ڕەتدەکەنەوە، بەڵام بەردەوامی چالاکی دانانی بەربەست، کە لەم ساڵانەی دوایی کەرتە کۆمەڵایەتیە خەباتکارەکان بەکاریان هێناوە.

لەسەروی ئەوانەوە؛ ئەو سیاسەتانەی ڕابەری نەقابە کرێکاریەکان پیادەی دەکەن و لاوازی پێشڕەوانی بزووتنەوەی جەماوەری لەم جۆرە، کێشە و ئەشکالیەتێک دێنێتە گۆڕێ؟. گرتنەبەری ئەم سیاسەتە لەبەرامبەر ساتوسەودای باڵی ڕاستی تونڕەو یان ئیرادەی" بەکەم زانین"ی بزووتنەوەی ئێلەگە زەردەکان گیراوەتە بەر، بەڵام هەروەک بەرپرسەکان لە ATTAC و....

بۆلاپەرە ١١



له‌ پەراوێزی... ٢٥ نۆڤەمبەر، ڕۆژی جیهانی دژ بەتوندوتیژی ژنان

سەرمایەداری پالّنەرو پەرەپێدەری توندتیژی بەدژی ژنان

نووسینی: هەتاو عەبدوڵڵاهی

ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٠، دوای ئەوەی خوشکانی میرابل لەلایەن دەسەلاتی دیکتاتوری ئەو کاتی دومێنیکەن بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە جەستەیان سڕدرایەوە و گیانیان لە دەستدا، ئەو تاوانە بوو بە هۆکاری ئەوەی کە بزوتنەوەی نارەزایەتی دژ بەو تاوان و دەسەلاتە بێتە ئاراوە، کە دواتر بوو بەهۆی ئەوەی کە ڕژیمی دیکتاتوری دۆمینیکەن دوای کەمتر لە ساڵێک ڕوخا. دواتر ئەو ڕۆژە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە دژی توندوتیژی بە دژی ژنان ناودێر کراوە. ئەوەی کە جیهانی سەرمایەداری و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی داپۆشراو بە ژێست و پۆزی دیموکراسی کە هەموویان ئەبزاری دەستی سەرمایەداری و دەسەلاتەکانی حاکمن ناچارکرد، ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی نەمانی توندوتیژی بە دژی ژنان بە فەرمی بناسێ، ئەوە بوو کە ئاستی توندوتیژیەکە ئەوەندە زۆر بوو کە تەنانەت جیهانی سەرمایەداریش نەیتوانی جاوپۆشی لێ بکات و ناچار بوو ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی نەمانی توندوتیژی بە دژی ژنان ناودێر بکات. ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی ٢٥ی نۆڤەمبەر دەکرێتەوە کە ژنان لە بارودۆخێکی زۆر مەترسیداردا دەژین. لە بارودۆخی هەنووکەییدا ژنان لە هیچ وڵاتێک ئازاد نین چونکە خاوەنی جەستەی خۆیان نین. جەستەی ژن بۆتە کالایەک بۆ فرۆشتنی کەل وپەلی سەرمایەداران و ژنان لە زۆربەی وڵاتان بۆ نمونە وەک کۆیلە دەفرۆشرێن. جەستەی ژن بۆتە مولّکی سەرەکی ڕەگەزی بەرامبەر و ڕەگەزی باڵادەست هەرجۆر کە مەیلی لەسەر بێ هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات. نمونەی زیندوو دەتوانین باس لە وڵاتانی ئافریقایی و لە باشوری کوردستان بکەین کە کچان و ژنانی ئێزیدی لەلایەن ڕێکخراوی تەیار بەئایینی ئیسلامەوە واتە داعش وەک کۆیلەی جنسی فرۆشران.

بە پێی ئامارە بە دەست گەیشتووەکان ٩ ملیۆن ژنی لەشفرۆش و قوربانی فەحشا لە وڵاتی هیند بوونیان هەیە کە بەشێکی زۆریان لە وڵاتانی بنگلادش‌و نیپاڵ یان ڕفێندراون یا خود کڕین‌و فرۆشیان پێکراوە. لە وڵاتی ڕوسیە لەهەر ٤٥ خولەکێکدا ژنێک دەکەوێتە بە دیاردەی توندوتیژی‌و گیانی لێدەستێندرێ‌و دەکوژرێ. لەهەر دوو خولەکدا ژنێک لە ئەمریکا دەکەوێتە بەر کردەوەی قیزەونی دەستدرێژی سێکسی‌و توندوتیژی جنسی بەرامبەر ئەنجام دەدرێ. دووهەمین هۆکاری مردنی ژنان لە وڵاتی فنلەند، توندوتیژیەکە کە لەلایەن هاوسەر یان دەسگیرانەکەیان بە دژیان ئەنجام دەدرێ. لە باشووری ئافریقیا ڕێژەی ئەو ژنانەی کە لەماڵەوە بە زەربی گوللە دەکوژرێن لەو ژنانەی کە لە دەرەوەی ماڵ و لەلایەن کەسانی نەناسراو دەکوژرێن زۆر زیاترە. دوای لێکۆڵینەوەکان لە ٥٠ وڵاتی جیهان دەرکەوتووە، لە سەدا ١٠ تا ٥٠ی ژنان بە جۆرێک لەلایەن هاوسەرەکانیان دەکەونە بەر کردەوەی توندوتیژیی جەستەیی‌و نیزیک بە یەک لەسەر سێ‌و نیوەی نمونەکانی توندوتیژی جەستەیی، توندوتیژی دەروونیشی بە دواوە بووە. لە هەر ١٨ خولەکدا لەجیهان ژنێک دەمرێ و ئەم ئامارانە بە شێوەی گشتی دەرخەری بارودۆخی نالەباری ژنانەو ئەمە تەنیا گۆشەیەکی بچووک لەو هەموو توندوتیژیانەیە کە بەرامبەر بەنیوەی حەشیمەتی جیهان ڕەوا دەکرێ. ئەم ئامارانە تەنیا بەشێکی زۆر بچووک لەو توندوتیژی‌و ئازارانەیە کە لەسەر بنەمای ڕەگەز بەڕێوەدەچێ‌و ئەوە سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم‌و ستەمە کۆمەڵایەتی‌و چینایەتیانەیە کە لە ناو کۆمەڵگەدا لە بوارەکانی حەقدەست، کار، بارودۆخی کارو هتد... دەسەپێندرێ. لە ڕاستیداو بە واتایەکی دیکە توندوتیژی تەنیا لایەنی جەستەیی بۆ سەر ژنان لە خۆ ناگرێ، بەڵکو توندوتیژی ئابووری، توندوتیژی بنەماڵەیی‌و توندوتیژی هزری‌و پەروەردەیی‌و هتد... دەگرێتەوە. لەسەرتاسەری جیهان و لەڕادەی جۆراوجۆردا ئەم دیاردە دژە مرۆڤایەتیە، چ بە شێوەی لێدان و سووکایەتی پێکردن، دەستدرێژی جنسی و باقی جۆرەکانی توندوتیژی جەستەیی خۆی دەردەخات و دواتر ئاسەواری نیگەتیڤەکانی لەسەر ڕۆح و ڕەوانی ژنان خۆی دەنوێنێ. سیمای دزێوی توندوتیژی، لە ئازارو ئەشکەنجەی ژنان لە کاتی منالّییەوە دەست پێدەکات و لەهەر زەمەنێکدا بە سەرەنجدان بە پێکهاتەو بارودۆخی ژنان لەناو کۆمەڵگە دەگۆردرێ‌و پێناسەی چەشناو چەشن لەخۆ دەگرێ، و سیستەمی سەرمایەداریش لە بەرەوپێدانی ڕۆڵ دەگێڕێ. توندوتیژی تایبەت بەنیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری‌و نابەرابەریەکە کە مانەوەی لەگەڕەوی هەڵسوکەوتی توندوتیژ بەدژی مرۆڤەکانە. ساحیبانی چەوسێنەر و داگیرکەری ئەم نیزامە گەندەڵ‌و دژە مرۆڤایەتیە بۆمانەوەی خۆیان پێویستیان بەم دیاردەیە هەیە، تاکو و دووبەرەکی بخەنە ناو تاکەکان‌و لە دواکەوتووی کۆمەڵگەکان‌و لەم کردەوانە بە قازانجی خۆیان کەڵک وەربگرن. بە قازانجی نیزامی سەرمایەداریە تا لەسەر بنەمای ڕەگەز، ڕەنگ‌و نەتەوەو هتد... مرۆڤەکان دەستەبەندی بکەن‌و بۆئەوەی چینە ژێردەستەو هەژارەکان لە بەرامبەر ناعەدالّەتی‌و زوڵم ستەمەکانی سەرمایەداران یەکگرتوو نەبن و تۆوی دوو بەرەکیان لە نێواندا دەچێنن‌و پەرە بەتوندوتیژی لەنێویاندا دەدەن. دەسەلاّت‌و خاوەنانی سەرمایە بۆ دابینکردنی قازانج و بەرژەوەندی خۆیان، ژنانیان وەک کۆیلەی ئایین، مەزهەب، پیاوسالاری‌و سیستم لێکدرووەو بە ئامانجەوە لەدژی هەر جۆرە بەرابەری‌و یەکسانی‌و خەبات بە دژی بێ مافی ژنان ڕادەوەستن. کرێکارانی ژن کە لەسەرتاسەری جیهان بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانی خۆیان‌و منالّەکانیان لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەو گیروگرفت دەستەو یەخەن، ناچارن بەو حەقدەستە کەمەی وەری دەگرن، مل بە سەعاتی کاری تاقەت پروکێن لەدەرەوەی ماڵ بدەن‌و ئەگەر شانسی ئەوەیان هەبێ کارێکی باش لەناو کۆمەڵگە بە دەستبێنن، لەشوێنی کارەکەشیان بەردەوام بەهۆی بەهۆی ژن بوونیانەوە لەلایەن ساحیبکاران و هاوکارەکانیان سوکایەتیان پێدەکرێ. وا پێدەچێ بەردەوامی ئەم توندوتیژیانە، بۆ ژنان وەک پرسێکی ڕوالّەتی لێهاتبێ، ئێمە شایەتی ئەوەین کە قوربانیانی کردەوەی توندوتیژی باوەر بەخۆبوونیان لەدەست دەدەن‌و لە هەڵوێست گرتن‌و بەرگریکردن لە خۆیان تووشی دوو دڵی و دڵەڕاوکێ دەبن، ئەوان پێیانوایە جیهان هەر بەو شێوە بووەو دەبێ هەروا بمێنێتەوەو کە ئەوە ئامانجی سەرەکی ساحیبانی سەرمایەیە. بەڵام ئەوە چارەنووسی ژنان نییە، بەڵکو ئێمە دەتوانین لەبەرامبەر ئەو خەسارەدا ڕابوەستین. ژنان دەتوانن بە ناسینی مافەکانی خۆیان، خەبات بەدژی ئەم توندوتیژیانە بکەن‌و بارودۆخەکە بگۆڕن. ئەم ئاگاییو وشیاریە دەتوانێ هەنگاوێک ژنان بەرەو پێشەوە بەرێ‌و ناسینی هۆکارو بنەمای ستەم‌و توندوتیژی بە دژی ژنان‌و ئەوەی کە نیزامی سەرمایەداری لە بەرەوپێدانی ڕۆڵ دەگێڕێ، ئاسۆیەکی تازە بۆ بەشێک لە ژنان و ڕزگاریان بکاتەوە. لەکۆمەڵگەیەکدا کە فرەژنی یاساییە، ژنان بۆ چەند کاتژمێر بۆ دامرکاندنەوەی هەستی سێکسی ڕەگەزی بەرامبەریان سیغە دەکرێن، یان ژنان زۆر بە سادەیی لەمافی دایکایەتی‌و سەرپەرشتی منالّەکانیان بێبەشن، بە ئاسانی توندوتیژی بەدژی ژنان ڕەوا دەکرێ و وەک پرسێکی ڕوالّەتی سەیری دەکرێ. جۆرەکانی توندوتیژی بە دژی ژنان تەنیا لەو نمونانەدا بەرتەسک نابێتەوەو دەتوانین پرسی توندوتیژی پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، ڕاهێنان، تەربیەتی و هەموو ئەم هەڵواردنانە کە توندوتیژی بە دژی ژنان باز تولید دەکات، بێنینە بەرباس و لێکدانەوەو، بەو ئاکامە بگەین کە زەرورەتی بەردەوامی ئەم توندوتیژیانە تەنیا و تەنیا بە قازانجی حاکمانی سەرمایەیە. ئێمە هەوڵ دەدەین لە دووتوێی ئەم بابەتەدا ئاوڕێکی هەرچەند کورتیش بێت لە توندوتیژی و جۆرەکانی توندوتیژی بە دژی ژنان بدەینەوە و لایەنە ئاشکراو و شاراوەکانی ئەم پەتا ماڵوێرانکەرە بخەینەڕوو: **توندوتیژی سیستەم،** کۆمەڵگە و بنەماڵە لەپەیوەندی لەگەڵ توندوتیژی سیستەم دەتوانین ئاماژە بە بەشدارینەکردنی ژنان لە پرۆسەی ئابووری و سیاسی، بەرتەسککردنەوەی ئازادی ژنان لە شوێنی کار، دابین نەبوونی هەلی کاری لەبار بۆ ژنان، نەبوونی مووچەی بەرامبەر لەگەڵ پیاوان بۆ سەعاتی کاری وەک یەک و موچەی وەک یەک، نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ ژنانی مژوڵی کار، کەڵکی نابەجێ وەرگرتن لە هێزی ژنان لە ناو پرۆسەی کار، بە کالاییکردنی جەستەی ژنان لە لایەن سیستەمە سەرمایەدارەکان و بازرگانیکردن بە ژنان بۆ پڕکردنی گیرفانی سەرمایەداران، نەبوونی پەروەردەیەکی لەبار و مرۆڤ تەوەرانە بۆ پەروەردەکردنی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤ تەوەر، دانانی یاسا و ڕێسای دژی ژنان و پەسندکردنیان و کەڵک وەرگرتن لە ئایین و یاساکانی کە دژ بە مافەکانی ژنانە و کەڵک وەرگرتن لە ئەبزاریک (ئامراز) لە ژێر ناوی پیاومەزنی کە هەوڵ بۆ چەوساندنەوەی ژنان دەدات و هتد.... توندوتیژی کۆمەڵایەتی وەکو پەراوێزخستنی ژنان لە ناو کۆمەڵگە، پەرەپێدانی ئەخلاقیاتی ئیسلامی بۆ ژنان، پەرەپێدانی ڕوانگەی نیگەتیڤ دژ بە ژنان، نەبوونی ئەمنیەتی کاری بۆ ژنان، چاو لێکردنی نالەباری کۆمەڵگە لە ژنان و هتد...



کاوان قادری هونەرمەند، دروستی کردووە

توندوتیژی بنەماڵەیی: ئەم توندوتیژییە دوو جۆر لە خۆدەگرێ وەکوو: توندوتیژی جەستەیی لەم جۆرە لە توندوتیژیدا دەتوانین ئاماژە بە لێدان، قژ کێشان، ئەشکەنجە، داغکردن و دەستدرێژی جنسی و زۆر جاریش سڕینەوەی بە ئاشکرای جەستەی ژنان بکەین. توندوتیژی ڕەوانی (دەروونی) لەوانە، جنێو، سوکایەتی پێکردن، پێخوستکردنی کەسایەتی ژن، هێشتنەوەی لە ماڵ، غیرە واتە دڵپیسی کردن، لێ ئەستاندنەوەی باوەڕ بە خۆبوون، بەرتەسککردنەوەی ئازادییە تاکەکەسیەکان، گاڵتەجاڕی ، تانووت و هتد.. دەبێ بگوترێت ئەم جۆرە لە توندوتیژی بەدژی ژنان کاردانەوەی زۆر نیگەتیڤ تری لە توندوتیژی جەستەیی هەیە، چونکە بڕینی جەستە لەوانەیە ساڕێژ بێتەوە، بەڵام ئازاری ڕەوانی زۆر دەخایەنێ و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی پزشکی و مەودای درێژماوە هەیە و لەوانەیە کە لە زۆر نموونەدا قەت چارەسەر نەکرێت. توندوتیژی جنسی (سێکسی) یەکێک لەو لایەنە هەستیارانەی توندوتیژی بەرانبەری ڕەگەزی ئاماژە بۆکراو کە کەمتر شیکراوەتەوەو بە بەربڵاوی ئاوڕی لێنەدراوەتەوە یاخود پاساوی بۆ وەرێخراوە، پرسی توندوتیژی لە چوارچێوەی دەسدرێژی سیکسی دایە، کە لە بەراورد لەگەڵ چەشنەکانی دیکەی توندوتیژی پێناسەکردنی بەهۆی جۆراوجۆر، شێواوەو ئەنگوست نەخراوەتە سەر بنەماکانی ڕەچاوکردنی ئەم چەشنە لە زێدەخوازی ڕەگەزی‌و لایەنە پاڵپشتەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی‌و فەرهەنگی ئەم ڕەوشە، شیکاری بەرفراوانی زانستی بۆ نەکراوە. یان لانیکەم لە وڵاتانی دواکەوتوودا، یاخود لە ناو هەناوی کەلتوورە نەریتخوازەکاندا ئیزنی پشکنینی ئاکادمیکی پێنەدراوە.

دەبێ بگوترێت توندوتیژی بە دژی ژنان هەڵسوکەوتیکی دەستدرێژیکارانەیە کە ساڵەهای ساڵە بە بیانووی ئەوەی کە گوایا هێزی جەستەیی پیاوان لە ژنان زیاترە بە دژی ئەم ڕەگەزەی کۆمەڵگە ڕەوا دەکرێ، هەر ئەو بیرۆکە بوو بە هۆکاری ئەوەی کە سەروەت و سامان بکەوێتە دەستی پیاوان و چوارچێوەی سەربەخۆیی ئابووری ژنان بەرتەسکتر بکرێتەوە و بواری ماڵی زۆرتری بۆ پیاوان پێک هێنا. ساڵەهای ساڵە توندوتیژی بە دژی ژنان لە ناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە سیستمێکی پیاوسالاری تێدا حاکمە چ بە هۆکار چ بێ هۆکار

بۆ لاپەرە ١١

بۆچی شەوە
FORWARD ڕۆژنامەی سیاسی سۆشیالیستیە

ناڕەزایەتییەکانی ئێران ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن!!

عبدالرحمن رسول

یەکێک لە هەنگاوە دروست و خێراکان پێویست دەکات کە خەڵکی ناڕازی لە کرێکار ومامۆستا وکۆڵبەر وژنان و شوفێران و زەحمەتکێش و بازاڕیان و دوکانداران کە خۆیان ڕێکخراوبکەن بە جۆرێک کەپەیوەندی دروست بکەن لەگەڵ ناوەندە جیاجیاکانی تردا بۆئەوەی لەگەڵ هاتنە سەر خیابانەکاندا هەماهەنگی گشتی بۆسازبکرێ. ناکرێت جۆرو شێوازی ناڕەزایەتییەکان هەر وەکو سالانی رابردوو بن. لەبەرئەوەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەرامبەر سیاسەتە هەڵە و چەواشەکارییەکانی بەرپرسە باڵاکانی کۆماری فاشیزمی ئیسلامیی ئێران و دەستوور ویاسا وسیستەمە کۆنەپەرست و دژە ئینسانی و دژە کورد بوونەکەی تازە نییە، بەڵکو زۆر کۆنە بۆ ماوەی چل ساڵە ئەم ناڕەزایەتییە جۆراو جۆرانە هەیە، کە بەرزی و نزمی بە خۆیەوە دیووە، بەڵام ناڕەزایەتی خەڵکی زەحمەتکێشی کۆڵبەر وخەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم چەند ساڵە بەهێزتر و پڕکاریگەرتر بووە لە بەرامبەر کوشتنی کۆڵبەران و لە سێدارەدانی گەنجان و جەوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا لەلایەن فاشیزمیی ئیسلامیی ئێراندا. نزیکەی ساڵێکە پەرستاران و کرێکاران وکارمەندو پزیشکەکان لە نەخۆشخانەی امام خومێنی لە شاری کەرج لە چەندین ماف بێ بەشکراون لە) ٢٩-٨-١٣٩٧ (بۆ هێنانەدی مافەکانیان دەستان بەناڕەزایەتی خۆپیشاندان کردووە، بۆ ئەو مەبەستەش کرێکاران، داوای مافی خانەنشینی و بیمە و باشکردنی بارودۆخی نەخۆشخانە و چەندێ داواکاری تر ناڕەزایەتییەکانیان ئەنجام داوە. ماوەی چەندین ڕۆژە کرێکارانی هفت تەپە لە شاری (شوش) لەناڕەزایەتی و خۆپیشاندان بەردەوامن هەر بە هۆێ ناڕەزایەتیەکانیشەوە چەندین کەس لە هەلسوڕاوانی کرێکاری وجەماوەری زیندانیکراون، ئەوانیش (ئیسماعیلی بەخشی، موسلم ئارمەند، محسن فاضلی، مەحمودی بێشری لەنگرودی، محمدی حەبیبی، اسماعیلی عبدی)، بەپێی ئەو لێدوان و قسانەی کە لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاوکراوەتەوە، ئیسماعیلی بەخشی، ڕابەری کرێکارانی سەندیکای هفت تەپە لەکاتی قسەکردنیدا بۆ کرێکاران باسی بایەخ و گرینگی شوراکانی کرێکاران دەکات، باسی درۆو پروپاگەندە چەواشەکارییەکانی دەزگای ڕاگەیاندنەکانی رژێمی ئیسلامی دەکات، باسی ئەوە دەکات ئەو هێزەی هاتۆتە دەوری کارخانە دەیەوێ ئیستفزازی کرێکارەکان بکات بۆئەوەی بیانوو پەیدا بکەن و سەرکوتیان بکەن. بۆیە زۆر هوشیارانە ئاگاداریان دەکات لەوبارەوە. وە باسی ئەوە دەکات کە ئەوان تەنها بۆ مافی خۆیان ناڕەزایەتی دەردەبڕن و جێگای پشتیوانی خەڵکە. جێگای پشتیوانی مامۆستایان و کرێکارانی شوێنەکانی دیکەو سەرجەم خەڵکە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە داواکاریەکانیان ڕەوایە بۆیە خەڵکی دیکە پشتیوانیان لێدەکەن. دوای تەواوبوونی قسەکانی لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی رژێمەوە ئەم هەڵسوڕاوە کرێکارییە ئیسماعیل بەخشی لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەی بەناوی موسلم ئارمەند و ڕۆژنامەنوسێک کە بۆ ڕومالّی خۆپیشاندانەکە لەوێ بووە دەستگیرکراون و ڕەوانەی زیندان کراون. بەشێکی زۆر لە مامۆستایان و کرێکارانی تاران پشتیوانی لە داواکانی کرێکارانی هەفت تەپە دەکەن. داوایی ئازادکردنی کرێکارانی زیندانی کراو دەکەن. ئەم ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانە تازە نییە، بەڵکو لەدوای هاتنە سەر دەسەڵاتی مەلاکان لەئێران بەهۆی هەبوونی چەوسانەوە و نابەرابەری و سەرکوت و ئیستبداد و دەرکردنی یاسا کۆنەپەرست و ڕەجعی و دژە مرۆڤایەتییەکانەوە خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لەناو خیابانەکاندا ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانیان ئەنجامداوە، بەڵام وەڵامدانەوەی بەرپرسانی فاشیزمی ئیسلامی ئێران زیندانیکردنی هەڵسوڕاوانی خەڵکی ناڕازی وخۆپیشاندەر و ئازار و ئەشکەنجە و لەسێدارە بووە. ئەمەش بۆئەوە بووە کە بەر بە گەشەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بەرامبەر بە هێزبوونی یەکێتی ناڕەزایەتییەکان بگرن. لەساڵی ١٩٧٩ و سالانی دواتر چەندین یاسا بۆ بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکان و دەرکردنی یاسای زۆرملێی بالاپۆشی و یاسای ئیجباری حیجاب بۆ ژنان و کچان، یاسای هەڵاواردن و جیاکردنەوەی کۆڕان و کچان لە زانکۆ و قوتابخانەکان، دەرکردنی چەندین یاسای کۆنەپەرستانە و دژە مرۆڤایەتی لەلایەن سیستەمی فاشیزمی ئیسلامی لە ئێران دەرکرا، و دواتر ژنان و کچان بۆ بەدیهێنانی ماف وئازادییەکانیان بەردەوام لەسەر خیابان و شەقامی شارەکان بوون، بەڵام بەرپرسانی ئاخوندی ئیسلامی بەزەبر و زەنگ و سەرکوت و زیندانیکردن و لەسێدارەدان ویستوویانە پاشەکشە بە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان و داواکاری و خواستەکانی ژنان وکچان بکەن. مامۆستایان و خوێندکاران بەردەوام لە خیابان و شوێنە گشتییەکان ئازایانە داوای مافەکانیان کردووە، هەرگیز دانەبڕاون لە چالاکی مەدەنییەکان. لە ساڵی ١٣٧٨ هەتاوی ناڕەزایەتی لە چەند شاری ئێران هەبووە، بۆ فشار خستنە سەر خەڵکی ناڕازی و پاشەکشەکردن بە گەشەکردنی یەکێتی ناڕەزایەتییەکانی ئێران لەلایەن فاشیزمی ئیسلامی ئێرانەوە چەندین کەس دەستگیرکراون. شوفێرانی بارهەڵگر بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ دەستان بە مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕین کردووە لە ڕابردوو، بەڵام بەپرسانی دەسەڵاتدار بەهیچ جۆرێک وەڵامی داواکارییەکانیان نەداونەوە. مامۆستایانی ئێران زیاتر لە٥٠شوێن و شار مانگرتنیان ڕاگەیاند بۆماوەی چەندین ڕۆژ، دەستیان بە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان کردووە. وێڕای پشتیوانیکردن لە خواست و داواکارییەکانی کرێکارانی ناڕازی یەکێک لە ئەنجومەنی مامۆستان ڕایگەیاند کەلە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ داوای مافی خۆیان و داوای مافی قوتابیانی کرد وەک مەسەلە نابەرابەری و هەڵاواردن و دەبێت کەم بکرێتەوە. ویستەکانی مامۆستایان لەم هەڵاوسانەدا بەو جۆرەیە کە بنەماڵەکان ناتوانن ژیانی خۆیان دابین بکەن، بەڵام دەسەڵات دەیەوێت لە سەرحیسابی کەسوکاری قوتابی مەسرەف بکێشێت. مامۆستا چۆن دەتوانێت ژیانی خۆی دابین بکات، مامۆستایان زۆرینەیان دوو کارە دەکەن. ناوەڕۆکی کتێبەکان تەنها کۆپی دەکرێ لەماوەی ٢٠ساڵەی ڕابردوودا تەنها یەک جۆرە لە ناوەڕۆکی کتێبەکان. بەهۆی نەبونی ئازادی ڕێکخراوبوونەوە هیچ جۆرە ڕێکخراوێکی مەدەنی و جەماوەری و مامۆستایان و کرێکاران نییە کە بتوانێت بەرگری و تێکۆشان بۆ ماف و داواکارییەکانی کرێکاران و مامۆستایان و قوتابیان بکات. ئەو جۆرە سەندیکا و ڕێکخراوە جەماوەری و مەدەنییانەی هەیە جۆرە ڕێکخراو و سەندیکایەکن کە دوورن لە خواست و بەرژەوەندی و سوودی کرێکاران و مامۆستایان و قوتابیان. تەنها ڕێکخراو و سەندیکایەکن کە زیاتر بەرژەوەندی و سوودی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران دەپارێزن. مامۆستایان و کرێکاران ماوەی دوو مانگە ناڕەزایەتی دەردەبڕن، کە زۆربەی داخوازییەکانیان هاوبەشە. مامۆستا چەند کارە دەکات، شورایی هەماهەنگی کە ناوەندەکەیان لە تاران نوێنەرەکەیان دەستگیر کراوە ئێستا لەزیندانە، یەک دانەیان لە بیمارستانە بوو. خواست و مافەکانی مامۆستایان جیاوازی لەگەڵ کرێکاران نییە. ژنان وەک مرۆڤ ناناسرێن بۆ مافەکانی خۆیان دێنە سەر خیابان. هەتا بازاڕیان لە ناوکێشە و قەیراندان. ڕۆژی دووشەممە ٢٨ی مانگی خەزەڵوەر، کۆمەڵێک لە خوێندکارانی زانکۆی عەلامە تەباتەبایی بە مەبەستی پشتیوانی لە کرێکارانی هەفت تەپە و موعەلیمان کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد. بەپێی ڕاپۆرتەکان، خوێندکارانی زانکۆی عەلامە تەباتەبایی لەرێگەی بەدەستەوەگرتنی چەندین پارچە نووسراوە کە لە سەریان نووسراوبوو، "کرێکار، موعەلیم، خوێندکار، یەکبگرن، یەکبگرن"، "نە هەڕەشە، نە زیندان، ئیتر کاریگەری نییە" و "نان، کار، ئازادی، سەرکەوتنی نیهایی"، پشتیوانی خۆیان لە کرێکارانی نەیشەکەری هەفت تەپە و ناڕەزایەتی ئەم دووایانەی موعەلیمان ڕاگەیاند. جێگەی ئاماژەیە، هەروەها خوێندکاران و مۆعەلیمانی دانشکەدەی دەروناسی زانکۆی تاران هاوکات لەگەڵ ناڕەزایەتیی کرێکارانی نەیشەکەری هەفت تەپە لەلابی ئەم دانشکەدەیەدا کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد. ئەم ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانە گرینگە کە کرێکاران و مامۆستایان و ژنان لەسەر خیابانەکانی شارەکانی ئێران داوایی مافەکانی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەوا بۆ ماوەی چل ساڵە هەر بەم جۆرەیە چەندین ڕۆژ مامۆستایان و ژنان و کرێکاران و کۆڵبەران و بازاڕیان ناڕەزایەتی و خۆپشاندان دەکەن دواتر سەرکوت دەکرێن و هەڵسوڕاوان و ڕابەرابەرانیان زیندانی دەکرێن و ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن ولەسێدارەدەدرێن، ماف داواکاری یەکانیش بەدەست نایەن. بۆیە پێویستە لەپێناوی هێنانەدی ماف و داواکارییەکان خەڵکی ناڕازی هەنگاوبنێت زۆر بە وشیاری بۆ بەهێزکردنی یەکێتی ناڕەزایەتییەکان شێوازی هاتنەمەیدانییان بگۆڕن لەپێناوی سەرکەوتنیان. هەرچەندە ٥٠پارێزەر داوای پشتیوانیان لەکرێکاران حەفت تەپ کردووە، ژنان، مامۆستایان، قوتابیان پشتیوانیان لەخواستەکانی، کرێکاران کردووە. ئەمانە گرینگە پێویستە بزاندرێ کەبە دوای بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکەی ١٧ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی، دەسەڵات و هەیبەتی کۆماری ئیسلامی گورزێکی گەورەی خواردووە. لەهەمان کاتدا جێگە و پێگەی ڕێفۆرمخوازان وەک گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای شۆڕشی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بەرەو لاوازییەکی بەرچاو ڕۆیشتووە. لە دیاردەکانی گرینگی ئەم قۆناغە، دەرکەوتنی داڕمانێکی بێچارەسەری ئابووریە. جەماوەری ناڕازی ڕاستەوخۆ بە ویستی گۆڕینی بنەڕەتی لە ڕژێمی سیاسی وڵات ڕژانە سەر شەقامەکان، بەڵام کێشە ئەوەیە خەڵکی ناڕازی ڕێکخراو نەبووە وەکو پێویست، ئەگەرچی لە قۆناغی هەڵچوونی ناڕەزایەتییەکاندا کە لەم قۆناغەدا، کە بەپێچەوانەی بزووتنەوەی سەوز و سەرجەم چالاکی ڕێفۆرمخوازی کە ناوەندگەرا بوو، بزووتنەوەی ئێعترازی لەم قۆناغە نوێیەدا فرەچەشنە و داخوازییەکانی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە تێیدا ڕەنگدانەوەیەکی دیاری هەیە. بەتایبەت کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەژارانی ئێران ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن. هەرچەندە ئەم ناڕەزایەتییە جەماوەری ملیۆنییە، هێشتا شەقامەکانیان نەگرتووە و نەبۆتە ڕاپەڕینێکی یەکلاکەرەوەی جەماوەری، کە داموودەزگاکانی دەسەڵاتی سیاسی سەرەڕۆی ئایینی کۆنەپەرست تێکبشکێنێ، بەڵام بە بێگومان و بەئاشکرا ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات و کۆماری ئیسلامی جا بە هەر سێناریۆیەک بێت، لەکۆتایی تەمەنی پڕ لە زوڵم و زۆر و وێرانکەری خۆیدایە. لەوەش گرینگتر لەوە پێویستە خەڵکی ناڕازی وشیاربێت لە تێکۆشانیاندا لە پێناوی بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان کە بەندە بە ڕوخانی ڕژێمی تیرۆریستی ئیسلامی لە ئێران لەهەر ناوەندێک یان کارگە و شێوێنک پێش ئەوەی بێنە سەر خیابانەکان خۆیان ڕێکخراو بکەن بەجۆرێک بەهێزی پشتیوانی زیاترەوە بێنە مەیدان، لەشوێنی کارکردندا شوراکان هەڵبژێرن و ڕابەرانی کرێکاری ڕۆڵی ئیدارەدان و بەڕێوەبردن بگێڕن، پێویستە کار بکرێ بۆ گەشەی تێکۆشانی هاوبەش بۆ گۆڕانکاری ئەو ڕژێمە چەوسێنەرو سەرکوتگەرە ئالوگۆڕ بکرێ. سیستەمیی فاشیزمی تیرۆریستی ئیسلامیی ئێران بە درێژایی چل ساڵە بەردەوامە لەدرێژەدان بە بێمافی و سەرکوت و زیندانیکردن و ئازار وئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان و کوشتن، چارەسەر تەنها بەهێزکردنی شۆڕشە بۆ ڕووخانی ئەو سیستەمە تیرۆریست و کۆنەپەرستە...

پرس و ڕای هەفتانە، گۆشەیەکی هەفتانەیە کە هاوڕی موزەفەر عەبدوڵا دەینووسێت، بۆچوونەوە هەر دوو هەفتە جارێک، باسێک یان چەند باسێکی بڵاوەکاتەوە...لەم گۆشەیەدا" سەردانەکەی بارزانی بۆ بەغدا بۆ تۆڵەیە یان تۆبە"؟...دەخوێننەوە

سەردانەکەی بارزانی بۆ بەغدا: بۆ تۆڵەیە یان تۆبە...؟

لە ڕۆژی ٢٢ مانگەوە کە مەسعود بارزانی و شاندە یاوەرەکەی لە کۆڕگەلی بنەماڵەو قەوم و قیلە، سەردانی بەغدایان کردەوە هەتا ئیستاش ئەم سەردانە بۆتە ڕووداو و هەواڵی گەرمی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و جێگای پرس ڕاگۆڕینەوە لە ئاستی کوردستان. بە تایبەتی لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و نووسەرو ڕۆژنامەنوس و چاودیران و ڕۆشنبیران، هەتا دەگاتە گەورە ئەکادیمی یەکانیان. وە لە گۆشە نیگای جیاوجیاوە ئەم سەردانە شرۆڤەدەکەن و ڕای لەبارەوە دەدەن.

ئەم سەردانە وا وێنە دەکەن کە یەکیکە لەسەردانە سەرکەوتوە دانیسقەکانە، نەک هەر لە ئاستی کوردستان و ناوچەکە، بەڵکو لە ئاستی جیهانیش. وەلایان وایە نەک هەر ئەم ڕۆژگارە، بەڵکو لە میژوشدا دەگمەن بووە سەرکردەیەکی حزبی وەک بارزانی بەم شێوازە نەک هەر بەرپرسانی حزبی، بەڵکو بەرپرسانی دەوڵەت و حکومەت و پەرلەمانیش بەراخستنی فەرشی سورو ڕێو ڕەسمی فەرمی و پرۆتۆکۆلی و بەوپەڕی ئامادەباشییەوە پیشوازی لێ بکریت.

بەم شێوە موبالەغە ئامیزو گرینگیدانە بە ڕووالەتە دەیانەوێت وا نیشان بدەن وەک ئەوەی بارزانی لەم سەردانەی چووە بۆ سەرزەنشت کردن و ناڕەزایەتی دەربرین، و تەنانەت تۆڵەسەندنەوە لەسەرانی دەسەلاتی قەومی وتایەفی و خێڵەکی بەغدا، کە سااڵێک لەمەوبەر دژی ریفراندۆم بوون. تەنانەت ڕیفراندۆمیان کردە بەهانەیەک بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان و داگیرکردنەوەی نیوەی زیاتری ئەو ناوچانەی لەژێردەستی پارتی و هاوەدەسەلاتەکانی بوو لە دوای ڕوخانی بەعسەوە.

جا پرسیارەکە لەم پرسەدا ئەوەیە ئاخۆ بەڕاستی بارزانی لەم سەردانەی بۆ بەغدا بۆ ناڕەزایەتی و تۆڵە سەندنەوەیە یا تۆبەکردن لەسەر دەستی سەرانی قەومی و تایەفی وەک عامری و حەلبوسی و عەبادی و مالکی؟!

بۆ وەاڵمی ئەم پرسیارەو ڕۆشنکردنەوەی مەغزای سیاسی ئەم سەردانە وا پیویست بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین:

خاڵی یەکەم: خودی دەستەواژەو کەڵکەڵەی- مفهوم و نزعة - تۆڵەو تۆبەیە کە یەکیکە لە تایبەتمەندی و ناوەرۆکی دابو نەریتی سیاسی وکۆمەاڵیەتی هەردوو بەرەی ئەم دەسەاڵتەو دەستەو تاقمە بنەماڵەیی و خێڵەکی و قەومیەکان لە بەغداو کوردستان لەم کیشەو ململانی کۆنەپەرستە دژی ئینسانییەی نێوانیان. ئەم دەستەو تاقمانە، چونکە هیچیان بروایان بە سەرەتایترین ئازادی و یەکسانی سیاسی بە گشتی نییە، بۆیە سەرهەڵدانی کێشەو ململانێ و شەرو کوشتار پاشان تۆڵەو تۆبەش بەیەکتر دەبێتە نەزعەو نەریتێکی جیکەوتەیان.

دیارە نەک هەر لەنێوان ئەم دوو دەسەاڵتەی بەغداو کوردستان، بەڵکو لەنێوان خودی هەموو دەستەوتاقمەکانی خۆشیان.

بۆ نمونە تۆڵەو تۆبە لەکاتی کێشەو ململانێ و شەڕەکانی نێوان پارتی و یەکێتی وهەردو بنەماڵە تایبەتمەندی یەکی میژوویی و بەرچاو بووە.

ئەم نەزعەو نەریتە بە درێژایی میژوو لەسەر زاری سەرانی ئەم دەستەو تاقمانە، جا قەومی و خێڵەکی بن یان ئیسلامی و تایەفی سوننی و شیعی، بەدیکراوە کە دەاڵێن تۆڵە بەزەبرە ئەمما بە سەبرە. یاخود ڕێکەوتن بە شەرتی تۆبە. بە فەرمی ئەم نەزعەو نەریتە بۆتە جێگرەوەی نەزعەو نەریتی بڕوابوون و پابەندبوون بە ئازادی سیاسی نێوان الیەنە سیاسییەکان و یەکسانی نێوان مرۆڤەکان. بێگومان ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندنییەکانی دەسەاڵتە فیودالیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کە هەتا ئەمڕۆش ئەم دەسەاڵت و تاقمانە نوینەرایەتی دەکەن.

خاڵی دووەم ئەوەیە بەهۆی ئەوەی بارزانی و پارتی لە بنەڕەتدا مەبەستیان لە ریفراندۆم زیاتر بۆ تۆڵەسەندنەوە بوو لە دوژمنەکانیان لە بەغداو لە کوردستان و بەدەستەوەگرتنی وەکو کارتێکی سازش و مامەڵە لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی ناوچەکە. وە لە ئاکامی کێشەو ململانی و قەیرانەکان و بن بەستبووبوون بوو، نەک بڕوا بوون و پەیڕەو لە مافیکی سەرەتایی خەڵکی کوردستان. هەر بۆیەش بارزانی و سەرانی تەواوی پارتی و یەکێتی و هەموو دەستەو تاقمە قەومی وئیسلامییەکان نە لەپرسی ریفراندۆم یەکدەست بوون و نە وێست و ئامادەییان بوو بەرگری لە ئاکامەکەی بکەن تا بەدیهێنانی، کە سەربەخۆییە. هەر بۆیە هەموو الیەکیان لەسەر بنەمای نەزعەو نەریتی تۆڵەو تۆبە مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر دەکەن.

جا لەم قۆناغەدا کە بارزانی سەرەڕای هەندێک سەرکەوتنی ناوخۆیی، بەاڵم گۆڕانی هاوکێشە لە ئاستی عێراق و ناوچەکەو جیهان بە زیانی شکایەوە.

بۆیە بۆ بەدەستهێنانەوەی هاوسەنگی پێشو بۆسەر کوردستان داگیرکردنەوەی زیاتر لە نیوە خاکی قەڵەمڕەوی دەسەاڵتیان وکوشتن وبرینداربونی سەدان کەس و ئاوارە بوونی هەزارانی تر.

بۆیە بە پێچەوانەی ڕاو بووچون و شرۆڤەکانی ڕاویژکاران و نووسەران و پسپۆرانی سیاسی و ئەکادیمییەکانی پارتی یەوە کە وای وینا دەکەن وەک ئەوەی بارزانی چووبێت بۆ تۆڵەسەندنەوە بە ئاشکرا تۆبەی خۆی ڕاگەیاندوە.

خاڵی سێهەم کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین لەبارەی ئەم سەردانەوەی بارزانییەوە ئەوەیە بە پێچەوانەی ڕاوبۆچونەکانی ڕاویژکاران و نووسەران و ئەکادیمییەکانی پارتی یەوە کە گوایە بۆ چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانی نیوان هەولیرو بەغداو تەنانەت ناوچەکەو جیهانیش چووە... ئەوانە هیچی فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە.

ڕاستییەکەی هۆکاری سەردانی بارزانی لەپاڵ ئەوەی کە چووە تۆبە بکات لەسەر دەستی سەرانی دەسەاڵتی بەغدا هاوکات بارودۆخی ناوچەیی و نیو دەوڵەتی و دەخاڵەتی زلهێزەکان لە ئەمریکاو ڕوسیاو هاوپەیمانە جیهانی ناوچەیی و ناوخۆییەکانیان گەییشتۆتە ئاستێک ئەگەری زۆری هەیە لە عێراق و کوردستانیش بتەقێتەوە.

وە لەم دۆخەدا ناسیونالیزمی کورد بە سەرکردایەتی پارتی کە لەوپەڕی پەرش ئامادەیە لەسەر دەستی سەرانی قەومی و خێڵەکی و ئیسلامی و تایەفی بەغدا تۆبە بکات. بەڵگەش بۆ ئەم تۆبەیە قسەو لێدوانەکانیەتی لەبارەی ڕاستکردنەوەی ئەو هەاڵنەی کە کراوە. بێگومانیشە بەاڵی سەرانی بەغداوە گەورەترین هەڵە هەتا دەگاتە تاوان، ئەنجامدانی ریفراندۆم بوو کە یەکپارچەیی خاکی عێراقی خستە ژێر پرسیارەوە.

دیارە کاتێک بارزانی باس لەهەڵە و ڕاستکردنەوەی دەکات لە هیچ کات و شوین و دیدارو گفتوگۆیەک لەگەل تەواوی سەرانی دەسەاڵتی بەغدا سەرنج و ڕەخنەو نارەزایەتی دەرنەبڕیووە بەرامبەر هەڵوێستی دژایەتی ئەوانە لەپرسی ریفراندۆم و هێرش سەربازی

وبڵاوی وبێ ئاسۆییدان ئەگەری زۆری هەیە بە زیانیان بشکێتەوە.

هەر بۆیە پارتی و بارزانی ئامادەیە بۆ مانەوەی هێزو دەسەاڵتی خۆی لانی کەم لە ئاستی کوردستاندا بە تایبەتی بەرامبەر نەیارە هاو قەومەکانی خۆی نەک بچێتە بەغدا، بەڵکو هەر جێگایەکی تر نەک تۆبەیەک بەڵکو سەد تۆبەو زیاتریش بکات.

مەگەر کامیان بۆ بارزانی سەختترە دەست لەمل کردنەکەی ٣١ ئابی ٩٦ لەگەڵ سەدام یاخود دەست لەملانێی عامری و حەلبوسی و عەبادی و مالکی!...

جا لەم ڕووەوە ئەگەر ئەو ڕاویژکارو شرۆڤەرکارو نووسەرو ئەکادیمیانەی پارتی بۆ سەلماندنی سەرکەوتنی سەردانەکەی بارزانی بەڵگەی ڕاستنی فەرشی سورو ئامادەباشی ڕێو ڕەسمی گەورە و پاسەوان لە پێشوازی دەهێننەوە ئەمەش بۆ بەهێزی پێگەی پارتی و بارزانی لە ئاستی دەسەاڵتداری هەریم و هەلبژاردن و تا دەگات ویناکردنی وەک تاکە ڕیبەری بە فەرمی ناسراوی جوالنەوەی قەومی کوردو...هتد، ئەمانە هیچیان نابنە پاساویک بۆئەوەی تۆبەکەی بارزانی بشارنەوە کە دەڵێت سەردانیان بۆ بەغداو دیدارەکان بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانە لەم دەرفەتەی هاتۆتە پێشەوە.

دوو شتی تر هەیە لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژەی پێبدەین ئەویش پێشوازیکردنی عامری بوو بۆ بارزانی و ئامادەنەبوونی سەرۆکۆماری عیراق بەرهەم سااڵح کە بڕای قەومی و نەیاری بارزانی یە مەغزا سیاسیەکەی هەر تۆبەکەی بارزانی دەسەلمێنێت..

بۆیە ئەم سەردانەی بارزانی تۆڵەکارانە یا تۆبەکارانە بێت هیچی لە پێناوی بەرژەوەندنییەکانی زۆرایەتی جەماوەری ستەملێکراو ئازادیخوازو یەکسانیخوازی کوردستان نییە، بەڵکو تەنها لە پێناوی مانەوەی دەسەاڵتی سەرکوتگەرو گەندەڵ و کۆنەپەرستانەی بنەماڵەیی و خێڵەکی و قەومی خۆیانە.

دیارە بەهەمان شێوەو ناوەرۆکەوە ئەم ڕایە بۆ دەسەاڵتدارانی تایەفی و قەومی بەغداش هەر وایە.

کرێکارانی پیشەسازی ئاسنی ئەهواز بەردەوامن لە مانگرتن و ناڕەزایەتی!

هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

ئامادەکردنی شوان عەزیز و ئاراس ڕەشید

نزیک بە ٢٠ ڕۆژە، کرێکارانی پیشەسازی ئاسن لە ئەهواز بەردەوامن لە مانگرتن و خۆپیشاندان و کۆبونەوە، لەبەردەم ناوەندە حکومیەکان و شەقامەکانی شاری ئەهواز.

سەرەڕای هەڕەشەو چاوسورکردنەوە، پیلان گێڕان و دەستگیری ڕابەرانی کرێکاری، وە هینانی ژمارەیەکی زۆر لە هێزە ئەمنییەکان، بەڵام کرێکاران بەردەوامن لە سەر مانگرتن و پیداگرن لەسەر داخوازییەکانیان... ئەم مانگرتن و هاتنە مەیدانەی کرێکاران هێندە بەهێزو ڕەوایە، کە توانیوویەتی پشتیوانی بەشیکی زۆری کرێکاران و جەماوەری شاری ئەهوازو دەرەوەی ئەهواز بۆ خواستەکانی ڕابکێشێت... هەڕەشەو ترس و توقاندن و ئابلۆقەی هێزە ئەمنیەکان، کارایی لەدەستداوە، بۆیە کرێکاران بە هیزی ڕێکخراوی خۆیان و ئەو پشتیوانییە چینانیەتیەی لێیان دەکرێت توانیویانە ئابلۆقەی هێزە ئەمنیەکان بشکێنن، و بەرەو باڵەخانەی پارێزگا و شەقامەکانی ناوەڕاستی شاری ئەهواز بەڕێبکەون. هاوکات تادێت زۆرتر لە لاوان و ژنانی شارەکە پەیوەست دەبن بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکەوە...

ڕۆژانە کاتێک خۆپیشاندانەکان کۆتاییان پێدێت... کەنوێنەری کرێکاران ڕایدەگەیەنێ" ئێمە لێرەوە دێینەوە، بەڵام جارێکیتر و جارێکیتر و جارێکیتر... دێینەوە.... بەدواییدا خۆپیشاندەران جەخت لەسەر قسەکانی نوێنەری کرێکاران دەکەنەوەو بە شیعاری" نا بۆ زەلیلی" خۆپیشاندانەکەیان بەم شیعارانە کۆتایی پێدەهێنن...

ئێمەی کرێکارانی پیشەسازی ئاسن دژ بە ستەم خەبات دەکەین.

دایکی گەندەڵی لەم ئەهوازیە لێرە..لێرە دەوڵەت و مافیا.. یەکگرتنتان پیرۆزە..

خەڵکی خۆزستان دەمرن، بەڵام زەلیلی قبوڵ ناکەن..

نا بۆ زەلیلی

دەبێ کرێکارانی زیندانی هەفتە تەپە ئازادبکرێن.

بە دەیان هەزار لە کرێکارانی کۆریای باشوور دەست دەدەنە مانگرتن و خۆپیشاندان!

بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ، بە دەیان هەزار لە کرێکارانی کۆریای باکور دەستیان داوەتە مانگرتن و خۆپیشاندان لە سێوڵی پایتەخت و ١٣ شاری تری کۆریای باشوور.

بەپێی ڕاگەندراوێکی کۆنفدراسیۆنی ئیتیحادیە کرێکاریەکان، ژمارەی بەشداربووانی ئەو خۆپیشاندانە مەزندە کراوە بە ١٦٠ هەزار کرێکار.

هەروەها دەوروبەری ١٠ هەزار کرێکار خۆیان گەیاندە بەردەمی پەرلەمانی ئەو وڵاتە و شیعارو داواکاریەکانیان بەرزکردەوە.

ئەو خۆپیشاندانەی کرێکارانی کۆریای باشوور کە تەنها نیو ڕۆژی خایاند، لەبەر ئەوە بووە کە: ١- دەوڵەت پاشەکشەی کردووە لە چاکسازی لە بواری کارو سیاسەتێک کە لەبەرژەوەندی کرێکارانداید ٢- لە بەرئەوە بووە کە دەوڵەت پێشنیاری کردووە بۆ ٥٢ کاتژمێر کارکردن لە هەفتەیەکدا ٣- بۆئەوەی موون سەرۆکی ئەو وڵاتە بەڵێنەکانی بەرێتە سەر، کە لە کاتی هەڵبژاردندا دەیدان. بۆ نموونە سەرۆک دەیگوت کە کرێی سەعات کار لە ٧،٥٣٠ وەنەوە کە دەکاتە (٦ دۆلارو ٦٦ سەنت) بەرز دەکاتەوە بۆ ١٠ هەزار وەن کە دەکاتە ٨ دۆلارو ٨٥ سەنت ٤- هەروەها بۆئەوەی سەرۆک بڕیارێک دەربکات تاکو کرێکارە بە کاتی دامەزراوەکان بکرێنە کرێکاری هەمیشەیی و هەمان مافی کرێکارەکانی تریان هەبێت.

جێگەی باسە کە بە پێی قسەکەری کۆنفدراسیۆنی سەندیکا کرێکارییەکان کە بۆ الجەزیرە قسەی کردووە دەڵێت" لەوەتی موون بووەتە سەرۆک سەرباری ئەوەش کە لە ١٦٪ ی لانی کەمی کرێی بەرزکردەوە بەڵام هێشتا سیاسەتی کار بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە ".

کرێکارانی ئەمازۆن شەپۆلێک لە ناڕەزایەتی و مانگرتن و خۆپیشاندان بەڕێدەخەن!

بە پێی هەواڵێک کە لە پۆرتاڵی یو ئێن ئای گلۆبەڵ یونیەن دا کە پۆرتاڵی سەندیکای کرێکاری جیهانیە بڵاو کراوەتەوە، کرێکارانی ئەمازۆن مانیانگرت.

لە هەفتەی بلاک فرایدەی دا، کرێکارانی ئەمازۆن لە زۆرێک لە وڵاتانی کیشوەری ئەوروپادا دەستیان دایە بەڕێخستنی شەپۆلێک لە خۆپیشاندان و مانگرتن.

ئەو شەپۆلی مانگرتنە وڵاتانی وەک ئەڵمانیا، ئیسپانیا، ئیتالیا و بەریتانیای گرتەوە.

کرێکارەکان دەڵێن ئیتر نابێت بابەتی " لە دووەم ڕۆژدا کەل و پەلەکان دەگەن" ببێتە مایەی سەرئێشە و مەینەتی هەتاهەتایی کە کرێکارانی ئەمازۆن پێیەوە بنالێنن.

ئەو کرێکارانەی ئەمازۆن لە ٢٣-١١دا ئەو مانگرتنەیان دەست پێکرد و بە هەزارانیان چوونە بەردەمی سەنتەرەکانی کۆمپانیای ئەمازۆن. جێگەی باسە کە لە ڕۆژێکدا ئەو مانگرتنەیان دەست پێکرد کە بە پڕفرۆشترین ڕۆژ دادەنرێت بۆ کۆمپانیای ئەمازۆن. ئەمەش نیگەرانیەکی زۆری بۆ دەسەلاتدارانی ئەو کۆمپانیایە دروست کرد. هەروەها بە لێدانێکی تۆندیش دەژمێرێردرێت لە سەرمایەی ئەو کۆمپانیایە.

کرێکارەکان بۆیە ئەو مانگرتن و خۆپیشاندانەیان ڕاگەیاند؛ چونکە بۆماوەیەکی زۆر دەبێت کە لە بارودۆخێکی وادان کە ڕێک پێچەوانەی یاساکانی سەندیکای کرێکارانە. بۆ نموونە کرێکارەکان دەخرێنە ژێر فشاری زۆرەوە بۆئەوەی لە کەمترین ماوەدا زۆرترین کاڵاو کەل و پەل بفرۆشن. یاخود کرێکاران ڕووبەڕووی سزادان و مەترسیەکانی سەرکار دەبنەوە لە کاتی کارکردنیان، ئەمەش دوژمنایەتیەکی ڕاستەوخۆی یاسای ئیتیحادیەی کرێکارەکانە.

دەسەلاتدارانی کۆمپانیای ئەمازۆن ڕازی نین کە قسە لەسەر بارودۆخی کرێکارەکان بکرێت و قسە لەسەر ئەو مەترسیانە بکرێت کە کرێکارەکان تووشی دەبن. بۆیە مەترسیەکان وەک خۆیان بەچارەسەرنەکراوی ماونەتەوە و بریندار‌بوونی کرێکارانیش هەر بەردەوامە.

کرێکارانی پۆست و بەریدی کەنەدا لە ژێر هەڕەشەدان و پشتگیریان پێویستە!

پەرلەمانی کەنەدا یاسای (گەڕانەوەی بۆسەرکاری) پەسەند کرد!!!

بە پێی هەواڵێک کە لە هەردوو ماڵپەڕی (مارکسیزیم وفایت باک) دا بڵاو کراوەتەوە، کرێکارانی پۆست و بەریدی کەنەدا پێویستیان بە پشتگیری هەیە.

یەکیەتی کرێکارانی پۆست و بەریدی کەنەدا (سی یو پی دەبلیو) کە دەوروبەری ٥٤ هەزار ئەندامی هەیە ،بڕیاری ئەوەی داوە کە مانگرتنەکانیان بکەنە دەوری. ئەمەش ئەوە دەگەێنێت کە هەر جارەو هەر کاتەی لە شوێنێک و لە شارەکانی سەر بە پارێزگایەک مانگرتن ڕابگەیەنن. ئەمەش دەسەلاتدارانی بە ڕاددەیەک نیگەران کردووە کە دەستیان بۆ یاسایەک بردووە کە ئیتر دەبێتە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لەسەر کرێکارەکان و مانگرتنەکانیان. جێگەی باسە کە کرێکارانی پۆست و بەریدی کەنەدا لە ئۆکتۆبەری ٢٢ - ٢٠١٨ وە دەستیان داوەتە مانگرتن و هەر جارەی لە شوێنێک دەست پێدەکەن.

حکومەتە لیبراڵەکەی تڕودۆ وا خەریکە دەست بۆسەپاندنی یاسایەک دەبات، لە بەرامبەر کرێکارانی پۆست و بەریدا ، کەبە " یاسای گەڕانەوە بۆ سەر کار" دەناسرێت. بە پێی ئەو یاسایە ئیتر مانگرتنی کرێکارانی پۆست و بەرید بە کارێکی نایاسایی دادەنرێت. بۆیە هەر کاتێک کە کرێکاران ملکەچی ئەو یاسایە نەبن سزای ئەنجامدانی کاری نایاساییان بەسەرا دەسەپێنرێت. ڕۆژی ٢٧/١١ پەرلەمانی کەنەدا ئەو یاسایەی پەسەند کرد و دەبێتە فشارێکی یاسایی بۆ گەڕانەوەی کرێکاران بۆسەرکار. بەڵام یەکێتیەکە لەهەوڵی ڕازی نەبوونە بەو یاسایە.

هەر لەو بارەوە قسەکەرانی یەکیەتی کرێکارانی پۆست و بەریدی کەنەدا دەڵێن: "هەر کاتێک کە مانگرتنی ئێمە کاریگەری دابنێت لەسەر دەسەلاتداران، لە جیاتی ئەوەی کە داواکاریەکانمان جێبەجێ بکەن دێن یاسای نایاسایی بوونی مانگرتن لە دژی ئێمەی کرێکار دەر دەکەن".

هەر بۆیەش ئەو سەندیکایە پێی وایە کە کرێکارانی پۆست و بەریدی کەنەدا پێویستیان بە هاوکاری و پشتگیری لەدەرەوەی خۆیان هەیە تاکو دەری بخەن کە ئەوان بە تەنیا نین.

کرێکارەکان دەڵێن کە هۆی سەرەکی ئەو مانگرتنانەیان بریتیە لەوەی کە جیاوازی هەیە لە کرێی ناو شارو دەرەوەی شارو شوێنە لاچەپ و لادێکان. کە دەیانەوێت وەک یەکی لێبکەن. جێگەی باسە کە کرێکارانی شوێنە چەپەک و لادێکان زیاتر لە کرێکاری ژن پێک هاتوون و کرێی کاریشیان کەمترە لەهی ناو شارەکان، هەروەها هۆیەکی تریش ئەوەیە کە لە ئەنجامی کاری زۆرو سەعات کاری زۆر کە سەپێنراوە بەسەر کرێکارەندا زۆریان تووشی بریندار بوون دەبن. ئامارێک دەری خستووە کە لە هەر ٤ کرێکارێک ١ کرێکار ساڵانە تووشی بریندار بوون دەبێت. ئەمەش وای کردووە قەیرانێک لەوبارەوە دروست ببێت لە ناو ئەو سێکتەرەدا.

تێبینی : فایت باک ڕێکراوێکی شۆڕشگێڕانەی مارکسیستیەو لە کەنەدا دامەزراوە، بەڵام لقێکە لە بزووتنەوەی مارکسیستی جیهانی. کار دەکات بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە بە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی. کاری ئیستاو گرنگ و دەستبەجێی بریتیە لە پێگەیاندن و چەکدارکردنی نەوەی تازە بە ئەدەبیاتی ڕەسەنی مارکسیستی. هەر بۆیەش ئێستا زیاتر چالاکی و کارەکانی لە نێو زانکۆ و خوێندکارانی زانکۆدا دەنگی داوەتەوە.

تێبینی: ئەم هەواڵەی سەرەوە لە ٢٣-١١ دا بڵاوکراوەتەوە بەڵام لە ٢٦-١١هەواڵێکی تر لەسەر ئەو بابەتە بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەڕی گلۆبەڵ نیوز دا کە بەپێی ئەو هەواڵە یەکیەتی کرێکارانی پۆست و بەرید کەوتۆتە هەڕەشەکردن لە ئەندامەکانی خۆی. بەو پێیە بێت ئێستا کرێکارانی پۆست و بەرید کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی هەم سەرەوەی یەکیەتیەکەیان و هەمیش دەسەلاتدارانی حکومی لە پۆست و بەریدا. هەواڵە تازەکە دەڵێت:" یەکیەتی کرێکارانی پۆست و بەریدی کەنەدا هەڕەشەی دەرکردن لە یەکیەتی لە ئەندامەکانی خۆی دەکات کە ئەگەر بێت و ڕازی بن بە زێدەکاری لە ڕۆژانی مانگرتندا" هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە ئێستا مانگرتنی کرێکارانی پۆست و بەریدی کەنەدا مانگرتنەکانیان کردۆتە دەوری. واتە هەر جارەو هەر ڕۆژەی لە شوێنێک، ئا لێرەدا دەسەلاتداران دەیانەوێت بۆشاییەکانی کارکردن بە کرێکاران خۆیان پڕ بکەنەوە. بەمەش دەبێت کرێکاران زێدەکاری بکەن. ئا لێرەدا یەکیەتی کرێکاران ڕوو دەکاتە ئەندامەکانی دەڵێ: ئێمە ئەو مانگرتنەمان کە کردۆتە دەوری وەک تاکتیک بەکاری دەهێنین و هەر کەسێکیش ڕازی...

بۆ لاپەڕە ١١

لابردنی تەپوتۆز لەسەر هەندێك ڕاستی
دەقی گفتوگۆی دیدگای سۆشیالیستی لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود سەرنووسەری بۆچیشەوە سەبارەت بە هەدەپە و پەیەدە...
بەشی یەکەم

دیدگای سۆشیالیستی: ئەم کاتەت باش، پێم خۆشە لە پێشدا بە شێوەیەکی گشتی یان لە چوارچێوەیەکی گشتییەوە بێینە سەر ئەم مەسەلەیە. بەشێوەیەکی گشتی هەردوو حزبی هەدەپە و پەیەدە بە دوو حزبی چەپ ناسراون و هەتا هەدەپە لە تورکیا باسی جۆرێک لە ''سۆشیالیزم'' ئەکات. دواتر دێینە سەر ئەمەیان. ئەگەرچی ئەم دوو حزبە لە هەندێ مەسەلەیاندا جیاواز دەرئەکەون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زانراوە و ئەبینرێ کە لە باری ئایدۆلۆژی و چینایەتییەوە ئەم دوو حزبە چوونیەکن و لەژێر کاریگەری پەکەکە و بەتایبەتی شەخسی ئۆجەلاندان. بۆ نمونە هەدەپە کە خۆی بە سۆشیالیستی لە قەڵەم ئەدات، یان وا ئیدعا ئەکات، وەک نمونەیەکی سیریزای یۆنانی و پۆدیمۆسی ئیسپانی خۆی دەرئەخات و ئەو دیدگایەی کە هەیانە دیموکراتیک سۆشیالیزمە. لەبەرنامەکەشیاندا هەیانە کە لایەنگری یەکسانی ژن و پیاون (کە ئەمە مەسەلەیەکە هاوجووتیشە لەگەڵ پەیەدەدا وەک ئاگادارن مەرسومی یاسای یەکسانی ژن و پیاویان دەرکرد)، باس لە دیموکراتی ڕاستەوخۆ یان ئەوەی پێی ئەوترێ خۆسەری ئەکەن کە لە واقعدا ئەمەی دواییان سەرێکی بە بیرۆکەی کۆنفیدراڵیزمی ئۆجەلانەوەیە یان هەندێ کەس پەیوەستی ئەکەنەوە بە ئانارکیزمی مورای بوکچینەوە کە بیرمەندێک و هەڵسوڕاوێکی ئانارکیستی ئەمریکییە و باس لە پێویست نەبوونی دەوڵەت و خۆبەڕێوەبەری ئەکات، بەڵام بەهەرحاڵ ئەمەیان ڕەنگە باسێکی تر بێ. لێرەوە پێم باشە بێینە سەر ئەوەی تۆ وەک کۆمۆنیستێک پێناسەت بۆ ئەم دوو حزبە چییە و چۆن ئەیانبینیت. ئەگەر خۆشت پێت وایە پێویست ئەکات دەست بخرێتە سەر جیاوازییەکانیان ئەتوانی باسی لێوە بکەیت.

عەبدوڵا مەحمود:

ئەم کاتەتان باش و سوپاس بۆ ئێوە. سەبارەت بەم دوو حزبە ڕاستیەکەی من هیچ یەکێ لەوان بە حزبی چەپ نابینم بەو پێناسەیەی کە ئێمە وەک کۆمۆنیستەکان هەمانە. لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە چەپ بەو هێز و لایەنانە دەوترێ کە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی و بە گشتیکردنی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان و کۆتاییهێنان بە چینەکانن. ئەمە بنەمایەکی زۆر سادەی هەر هێزێکە کە خۆی بە چەپ دادەنێ لە ڕوانگەی مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە. ئەوەی کە پەیەدە یان هەدەپە ئەگەر تەنانەت لە هەندێک لە بەرنامەکانیاندا یان هەندێ خاڵیدا باس لە چینی کرێکار و سۆشیالیزم و یەکسانی ژن و پیاو و ئیرادەی جەماوەری بکەن هەر بەشێکە لەو جۆرە فریوکارییەی کە ئەحزابی بۆرژوازی لە سەراسەری دنیادا .دەیکەن ئێمە هیچ حزبێک لە دنیادا نابینین کە کۆمەڵێک خاڵبەندی ڕازاوە کە کۆدەبنەوە لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا نەبینین. بۆیە ئەمانیش وەک دوو حزبی بۆرژوازی لە چوارچێوەی بەرنامەکانیاندا ئەو دەستەواژانەی تیادایە. بەڵام لە هیچ شوێنێکی بەرنامەی هەدەپە یان پەیەدەدا هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی مەسەلەی سەرەکی نییە. هەتا لەکار و کردەوە و ڕەفتاریشیاندا ئەوە نابینی. دیارە من ئەتوانم ئەوەش زیاد بکەم کە ئەگەر هەتا خودی زاراوەی هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتی لە بەرنامەشیاندا ئاماژەی بۆ بکرێ، بەڵام گەر بنەما نەبێ، ئەوە ناکاتە ئەوەی ئەمانە چەپن. چ پەیەدە و چ هەدەپە دوو ڕێکخراوی بۆرژوازین، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندێتیەک کە لەو وڵاتانە هەیە کە کاری تێدا دەکەن. بۆ نمونە حزبێک لە تورکیادا ئەگەر هەبێت ناتوانێ واقعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەوتی پێشڕەوی ئەو کۆمەڵگەیە و مێژووی ڕابردوی و پایەکانی عەلمانیەتی ئەم کۆمەڵگەیە لەبەرچاو نەگرێت... بۆیە هەر حزبێک لە تورکیادا ناچارە دەیەوێت مۆری چەپ بوون لە خۆی بدات و کۆمەڵێک بەند و خاڵ بهێنێت کە بەرنامەکەی پێ بڕازێنێتەوە، وەک هەر حزبێکی تر لە دنیادا. ئەمانیش دەکرێ لەم چوارچێوەیەدا سەیریان بکرێ. بەڵام لە دنیای واقعدا چ هەدەپە و چ پەیەدە هەریەکەیان لەسەر بنەمای زوڵمێکی قەومی کە لێیاندەکرێ ئەمانە دروست بوون. بەجیا لەوانە، واقعیەتەکەی ئەمەیە سەرباری ئەوەی کە ئیدعای ئەوە دەکەن کە ئەمانە دەیانەوێ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک دروست بکەن لە چوارچێوەی تێزێک کە ئۆجەلان لە کتێبێک سێ بەرگی بەرگرینامەدا هێناویەتی. لەوێدا لەچوارچێوەی ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی نەتەوە دەیەوێت باس لە کۆمەڵگەی دیموکراتیک بکات، بەڵام لە دنیای واقعدا کە تەماشای دەکەیت کاروکردەوەی ئەو حزبانە پێچەوانەی ئەو بانگەشەیە... لە کوێدا، لە مەیدانی عەمەلی و واقعیدا، ڕۆژێک لە ڕۆژان بیستووتە چ هەدەپە و چ پەیەدە پشتیوانیان لە بزووتنەوەیەکی کرێکاری بکەن؟ تەنانەت پشتیوانیان لە هیچ بزووتنەوەیەکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی لە سەراسەری تورکیاشدا نەکردووە، پشتیوانیان لە بزوتنەوەی ژنان دژی بە بڕیار و ئیسلامیزەکردنی یاساکان نەکردووە... پێچەوانەی ئەمانەمان دیووە.

جەمال موحسین: بەڵام هاوڕێ عەبدوڵا دێینەوە سەر ئەو مەسەلەیە کە دەوڵەتی نەتەوەیی ڕەت ئەکەنەوە، چونکە ئەمە یەکێکە لە مەسەلەکان کە زۆر کەس بەوهۆیەوە ئەوان بە چەپ دائەنێ، بەڵام لەسەر ئەو خاڵە کەمێک زیاتر بڕۆین کە وتم چەپ، مەبەستێکی ترم بوو. ئەو پێناسەیەی تۆ کردت سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی ئەوە بۆ حزبێکی کۆمۆنیستی یان سۆشیالیستی دروستە. بەڵام چەپ ئەکرێ چەپی بۆرژوازی هەبێ، وەک تۆش بەشێکیت باس کرد. لەگەڵ ئەوەشدا خاڵێکی تر هەیە، کاتێک سەیری بەرنامەی هەدەپە ئەکەی، هەتا کە سەیری هەڵسوڕانەکانیان ئەکەی و تەنانەت لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی تورکیادا چ ئەوەی پێشوو و چ ئەمەی ئەم دواییە ئەبینی یەکێک لە خاڵەکانیان ئەوەیە کە کرێکار ئەچەوسێتەوە و نابێ ئەوەندە بێماف بێ، ئەبێ ئاستی بژێوی بچێتە سەر، ئیتحادیە کرێکاریەکانیان بەهێز بکرێن و دەوڵەت سەرکوتیان نەکا...هتد. بۆیە ئەمە وەکو خاڵێک کە گوایە داکۆکی لە چینی کرێکار ئەکات لەقەڵەم ئەدرێت. وە بەم مانایە پێی ئەوترێ حزبێکی چەپ. پەیەدەش لەبەرامبەر هێزێکی ڕەشی وەک داعشدا وەستایەوە و یەکسەر مەرسومی یاسای یەکسانی ژنان و پیاوانی دەرکرد، کە ئەمە زۆرتر لە هێزە چەپەکان ئەوەشێتەوە، تەنانەت لە وڵاتانی ئەورووپا ئەمە زۆرتر سۆشیال دیموکراتەکان پێی ناسراونەتەوە و بۆیان بۆتە شانازی ئەگەرچی بە واقعی لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی کرێکاری و یەکسانیخوازی ژنانداً بووە. من مەبەستم لەوە بوو لەم ڕوانگەیەوە باس لەم حزبانە بکرێ، چونکە گەر وەک مەلەسەیەکی ڕادیکاڵانە سەیری ئەم مەسەلانە بکرێ لەچاو ئەحزابی کۆنەپەرست یان ڕاستڕەو و دواکەوتوودا ئەمەی ئەمان پێشکەوتووانە و ڕادیکاڵانەیە. با لێرەوە سەرنجێک لە مەسەلەکە بدەین.

عەبدوڵا مەحمود: ڕاستە ئەو پێناسەیەی من کردم، لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە بوو بۆ چەپ، دەکرێ لە ڕوانگەی تر یان باشتر بڵێین لە ڕوانگەی باڵ و لقەکانی بۆرژوازیشەوە پێناسەی چەپ بکەین... لە خێزانی بۆرژوازیشدا چەپ و ڕاست هەیە. چ هەدەپە و چ پەیەدەش خۆیان بە بەشێک لە چەپی کۆمەڵگە دەزانن. لە هەموو کۆمەڵگەیەکیشدا لەوجۆرە حزبانە هەیە. ڕاستە لە کۆمەڵگەی ئێستادا کێشمەکێشی چینایەتی و سەرەکی لە نێوان دوو چیندا هەیە، پرۆلیتاریا لەلایەک و بۆرژوازی لەلایەک. بەڵام مەرج نییە هەر تەنها دوو حزبیان هەبێ، ئەحزابی جۆراوجۆریان هەیە بەشێکیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سەر بە بەشی چەپن، لە بەشی هەژارانن و داکۆکی لە بەرژەوەندی بێبەشان دەکەن، وە بەشێکیشیان وەک حزبی پارێزگار یان ئەحزابی تری ڕاستی بۆرژوازی داکۆکی لە بۆرژوازی دەکەن بەشێوەیەکی ڕاشکاوانەتر. لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بەجیا لە کێشەی سەرەکی نێوان چینی کرێکاری و بۆرژوازی، بۆرژوازی خولقێنەری دەیان کێشە و گرفتی تری کە سودمەندە لێی... لەوانە کێشەی ستەمی میللی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، پرسی ژینگە، ستەم و هەڵاواردنی ژنان،...تاد، لەبەرامبەر بەو زوڵم و گرفتە کۆمەڵایەتیانەدا، بزوتنەوە و ناڕەزایەتی جەماوەری و کۆمەڵایەتی هەیە، لەو چوارچێوەیەشدا حزبی جۆراوجۆر هەن... ئەوانەی کە کێشەیان ژینگە و وەستانەوەیان هەیە بە ڕووی پیسبوونی ژینگە و کەم بوونەوەی دارستانەکان بە هۆکاری پیس بوونی ژینگە دەزانن و حزبیان بۆی دروستکردووە، وەکو سەوزەکان لە ئەورووپا. هەن کێشەی ژنان و زوڵم لەسەریان کێشەیانە و دەچن حزب و ڕێکخراوەی تایبەت بە ڕزگاری ژنان!! دروست دەکەن وەکو ڕەوت و حزبە فیمینیستە جۆراوجۆرەکان. یان هەن کێشەی زوڵمی نەتەوایەتی کێشەیانە و حزبی ڕزگاری نیشتیمانی و سەربەخۆخواز دروست دەکەن و ئەگەر لەسەر ستەمی چینایەتی لەگەڵیان بدوێیت، و لێیان بپرسی بۆچی ستەمی چینایەتی بنەمای نارەزایەتیتان نییە، دەڵێن ئێمە کێشەی نەتەوایەتیمان هەیە و با سەرەتا ئەوە چارەسەر بکەین... وەکو ناسیۆنالیستێکی فەلەستینی یان ئیرلەندی...تاد. ئەم جۆرە حزب و ڕێکخراوانە کە سەرچاوەی نارەزایەتیان دۆسییەک و کێشەیەکی دیاریکراوە کە دەوڵەت و لە بنەڕەتدا نیزامی سەرمایەداری سەرچاوەکەیەتی خۆیان بە چەپ دەناسێنن و چەپی کۆمەڵگەن... هەدەپە پەیەدە، لە چوارچێوەی ئەم پێناسەیەدا، چەپن بەڵام چەپی بۆرژوازی کە کێشەیان ستەمی چینایەتی نییە و کێشەی سەرەکیان پرسێک و مەسەلەیەکی دیاریکراوی دەرهاویشتەی سەرمایەداریە، خوازیاری ڕوخاندنی سەرمایەداریش نین، خوازیاری چارەسەری ئەو پرسانەن لە چوارچێوەی هەمان نیزامی سەرمایەداریدا...

دیارە وەکو چۆن چەندین جۆر لە دەوڵەت کە خاوەنی سیستەمی سیاسی جیاوازن، بۆ نموونە سیستەمی سیاسی فیدرالی ئیداری، فیدرالی قەومی، سیستەمی دینی یان مەزهەبی، قەومی و یان مەدەنی، پۆلیسی و سەربازی یان پەرلەمانی و... سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی، سەرۆکایەتی تەشریفاتی یان خاوەن دەسەڵاتی ڕەها، دیکتاتۆری و سەربازی یان مەدەنی و پشت بەستوو بەیاسا... و لە دنیادا هەن. و لەو نێوەدا دەوڵەتێکی مۆدیرن و دەوڵەتێک کە دەسەڵاتێکی پەرلەمانی هەیە، یاساکان تا ڕادەیەک پارێزراون، باشترە لە سیستمێکی پۆلیسی و سەرکوتگەر یان سەربازی و دینی و تایفی، ئەمە واقعیەتێکیە. بۆ ئەحزابیش هەروایە، ئەکرێ ئەحزابێک هەندێک لە هەنگاوەکانی جێگای پشتیوانی بێ، بەڵام لەنێوان پشتیوانی کردن لەچەند هەنگاو سیاسەتێک و ناسنامە بەخشیندا، مەودایەکی زۆر هەیە.. دەکرێ و دەبێ پشتیوانی لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و حزبێک بکەیت کە خوازیاری لابردنی ستەمی میللیە، یان خوازیاری کۆتایی بە ستەمی سەر ژنانە، یان لەدژی شێواندنی ژینگە تیدەکۆشێت، بەڵام ئەمانە هیچیان ناکات بە حزبی چەپ و کۆمۆنیستی... با نموونەیەک بهێنمەوە، مستەفا کەمال ئەتاتورک دوای نزیکەی بە شەش سەدە لە دەسەڵاتی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لەساڵی ١٩٢٣ سیستەمی کۆماری و عەلمانیەت لە تورکیا دادەمەزرێنێت، ئەم هەنگاوەی ئەتاتورک لەو سەردەمەدا و تا ئیستاشی لەگەڵ بێت، وەرچەرخانێکی گەورە و هەنگاوێکی جێگا پشتیوانییە، بێ ئەوەی ئەو هەنگاوە ئەتاتورک یان حزبەکەی بکات بە چەپ و کۆمۆنیست... یان ئەوەی کە باسی ئەوە دەکەن نابێ کرێکار بچەوسێتەوە، نابێ ئەوەند بێماف بن، دەبێ پشتیوانی لە ئیتیحادییەکان بکرێت، ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵک باش بکرێت، دیارە ئەوانە باشن، بەڵام ئەوەی کە ئەمانە لە بەرنامەدا یان لە کەمپەینێکی هەڵبژاردندا پێداگری لەسەر دەکرێت، ناکاتە ئەوەی کە ئەو حزب و ڕەوتە بکاتە چەپ و کۆمۆنیست، ئەمڕۆ هەموو

حزبە چەپە بۆرژوازییەکان، یان عەلمانیەکان، سەوزەکان، ریفۆرمیستەکان، ئیکۆنۆمیستەکان... تەنانەت بەشێک لە حزبە راستەکانیش ئەمانە دەخرێننە ناو بەرنامەکانیانەوە یان لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەدەستیەوە دەگرن، بەلام لە دنیای واقعی و بەکردەوەدا، کەمترین ئاوڕ لە کێشەی کرێکاران و مافەکانیان دەدەنەوە. با نموونەیەک بهێنمەوە، هەدەپە بۆ نەورۆزەکان، بەسەدان هەزار کەس بۆ ئاهەنگی نەورۆز کۆدەکاتەوە چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن، بەڵام ناتوانێ مانگرتنێکی کرێکاریی هەزار نەفەری بۆ کرێ، یان بۆکەم کردنەوەی سەعاتی کار، وەرێبخات... یان خۆپیشاندان و چالاکیەک بۆ پشتیوانی لە خواستێکی ژنان سازبدات، نە مەشغەڵەیەتی و نە پرسێکی گرنگیشە بۆی،... جا کاتێک لە مەیدانی واقعیدا، ئەوانە بەشێک لە کار و نەخشەو پرۆژەی ئەو هێزە نەبێت، با لە بەرنامەکەیدا یان لەکەمپەینی هەڵبژاردنەکاندا، نووسرابێت، دەبێ بەچی؟ جگە لە فریوکاریەکی ئاشکراو و بەدەستەوەگرتنی ئەو ئۆردووە بۆ مەبەستی تر...

پێکهاتنی خودی ئەو حزبانە و پێکهاتەکانیان کە تەماشای دەکەی، مەسائیلی چینایەتی نییە تا چوارچێوەی چینایەتیش مەبنای کار و کردەوەکانیان پێکبهێنێ، نە پەیەدە و نە هەدەپە وا نین. نمونەی لەم بابەتەمان لە زۆر شوێنی دنیادا هەیە، دەشێ هەدەپە یان پەیەدە، یان هێزو حزبی تر چەند هەنگاوێک یان دۆسیەیەک بەدەستەوە بگرن کە قابیلی پشتیوانی بێت، بەڵام ئەمە بەتەنها ناکاتە ئەوەی پشتوانی لەو حزب و هێزە بکەی... لە دنیادا نموونەی لەو بابەتە زۆرە وەک لە فەرەنسا بۆ نمونە کاتێک نیقاب قەدەغە دەکرێت، ئەوە هەنگاوێکە تۆ پشتیوانی لێ دەکەی. بەڵام ئەم پشتیوانییە خود بە خود ناکاتە پشتیوانی لەو دەوڵەتە یان ئەو حزبەی کە ئەو پێشنیارەی هێناوەتە ئاراوە. من پێم وایە هەر ئەمە بۆ پەیەدەش و هەدەپەش ڕاستە. بۆ نمونە پەیەدە لە کوردستانی سوریادا ئەوەی کە پێی دەڵێن سیستمی خۆبەڕێوەبردن لە خوارەوەی کۆمەڵگەوە پیادە دەکا، خودی ئەم هەنگاوە قابیلی پشتیوانیە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی پەیەدە بکاتە ڕەوتێکی چەپ یان هەتا ڕەوتێکی شۆڕشگێڕ و هتد. تەنانەت دەکرێ لە وڵاتێکی دیکتاتۆر و سەرکوتگەریشدا لەژێر فشاری بزووتنەوە پێشکەوتنخواز و ڕادیکاڵەکان و پێشڕەویەکانیدا کۆمەڵێک شت بەسەر دەوڵەتدا بسەپێنرێ. نمونەی وامان لە دنیادا زۆر بینیووە. خۆ ناکرێ کاتێک ئەم دەسکەوتە بەدیهات ئەوا مۆری پێشکەوتنخوازی بدات لەو دەوڵەتە و وەکو دەسکەوتێک بۆ ئەو دەوڵەت حساب بکرێ. زۆر جار ئەو دەوڵەت و هێزانە لە ناچاری و لەژێر گوشاری بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا ناچارن دەست بۆ هەنگاوی لەو بابەتە ببەن. من پێم وایە بە هەمان پێوانە دیسان تەماشای پەیەدە یان هەدەپە بکرێ. هەتا ئێستا مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاو کە ئەمان بەرگریان لێ کردووە و قابیلی پشتیوانیە وە ئێمەش وەک کۆمۆنیستەکان داکۆکی لەوە دەکەین وە من شەخسی خۆم وەک کۆمۆنیستێک بەرگریم لە مەرسومی یەکسانی ژن و پیاو کرد کە پەیەدە لە سوریا دەریکرد. هەروەها ئەوەش کە لەبەرامبەر داعشدا پشت بە هێزی خۆیان دەبەستن قابیلی پشتیوانییە. هەروەها ئەوەی کە بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان هەڵبژاردن و سیستمی بەشداری لە خوارەوەیان هێناوە بێ ناسنامەی قەومی و ئایینی خەڵک بتوانێ لە بەڕێوەبردندا بەشداری بکات ئەمەش قابیلی پشتیوانییە. بەڵام هەموو ئەمانەش ئەم ڕەوتە بۆ من ناکات بە ڕەوتێکی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی کە بنەمای پێکهاتنەکەی قەومی نییە. دووەم ئامانجە نیهائیەکەی و شێوە پێکهاتنەکەی و ڕەوشتی خەباتکارانەکەی و پەیوەندیەکەی لەگەڵ ئەحزاب و بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان و بزوتنەوەی کرێکاری و... هتد لەسەر بنەمایەکی چینایەتیە.

دیدگای سۆشیالیستی: زۆر باشە ئەو خاڵەی کە تۆ باست کرد سەبارەت بە هەڵبژاردن لە خوارەوە خاڵێکی باشە بەڕای من. سەیرکە، پەیەدە هەروەک تۆش باست کرد باس لەوە ئەکات خەڵک لە خوارەوە ئۆرگانەکانی دیاری بکات و هەڵی بژێرێ و بەجۆرێک پێویستی بە ''دەوڵەت'' نییە. وە هەدەپەش لە هەڵبژاردنی ٢٠١٥ دا بە ڕۆشنی وتی چونکە هاتنە ناوەوەی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنەکان جۆرێک فەوزای لە ناو ئەحزابی بۆرژوازی تورکیادا نایەوە کە ئەمان پرۆسەیەکەین و نابێ بەشدار بن، بەڵام ئەمان، بێگومان بە پاڵپشتی هێزی پەکەکە، ڕایانگەیاند کە گەر ڕێیان پێ نەدەن بۆ بەشداری لە پەرلەماندا ئەوان لە ناوچەی دیاربەکر و دەوروبەری دەسەڵاتی لۆکاڵی و خۆجێیی خۆیان پێکئەهێنن بە پشت بەستن بەو شتەی کە خۆیان هەمیشە جەختی لێ ئەکەنەوە و خۆیان پێی ئەڵێن دیموکراسی ڕاستەوخۆ (جۆرێک لەو دیموکراسیەی لە وڵاتێکی وەک سویسرا هەیە کە گوایە خەڵک زیاتر دەستی هەیە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا)، ئەو دوو نمونەیە هەندێ کەسی چەپ و تەنانەت سۆشیالیست و کۆمۆنیستیش ئەمەندە بە خاڵێکی ئەرێنی دایئەنێن ئەیچوێنن بە دەسەڵاتی شورایی لە خوارەوە و ئەڵێن ''ئەمە ئەو جۆرەیە لە [سۆشیالیزم] کە بەو جۆرە تەقلیدیەی جارانی بە دەست نەئەهات و ئەمەی ئێستا وەسیلەیەکە. ئێوە ئەڵێن چی لەمبارەیەوە؟

عەبدوڵا مەحمود: ئەبێ دوو شت لەیەک جیابکەینەوە. ئەوەی کە حزبێک بەرنامەی چییە و لەسەر چ بنەمایەکە و ئەوەی لە کەمپەینێکی هەڵبژاردندا چی ئەڵێ دوو شتی جیان. ئەگەر تەماشای بکەی ئەبینی لە هەموو هەڵبژاردنێکدا چەپ و ڕاستی بۆرژوازی هێشتا لە ژێر سەنگینی میژووی خەباتی بزووتنەوە کرێکاری و ڕادیکاڵەکاندایە و کاتێک دێتە سەر دانانی بەرنامە کۆمەڵێک لەو خاڵانەی تێ دەکەن و بە تایبەتیش لە هەڵبژاردنەکان یان هەندێ حاڵەتی ئەزمەگرتوو کە دەسەڵات تووش دەبێ ئەو حزبانە پەنا بۆ کۆمەڵێک لەو خاڵ و بەندانە دەبەن کە جیاوازی هەیە یان لانی کەم دەیانەوێ جیاوازیەکانی خۆیان لەگەڵ ئەحزابە ڕکابەرەکانیاندا گەورەتر نیشان بدەن. بۆیە ئەو دوو خاڵەی کە تۆ باست کرد، یەکەمیان ئەوەی دەیانەوێ دیموکراسی ڕاستەوخۆ یان دەسەڵاتی لۆکاڵی لەوێ بێکبهێنن من پێم وایە بە ڕاستی ئەوە بەشێکی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانەوە هەیە کە لەوێ هەبوو، لەلایەکەوە کارتێکی فشار بوو بۆسەر دەوڵەت و هاوکات بەشێک بوو لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، نەک ئەجندایەکی جدی و پرۆژەیەکی هەدەپە.

دیدگای سۆشیالیستی: ڕاستە ئەوە پەیوەندی بەو کەمپینەوە هەبوو، بەڵام ئەوان لەبەرنامەکەشیاندا ئەوە هاتووە وەک خاڵێکی سەرەکی کە ''باوەڕیان بە دیموکراسی ڕاستەوخۆ هەیە'' وە ڕۆشنیشیان پێ داوە کە ئەمە بە مانای دەخاڵەتی ڕاستەوخۆ و هەمیشەیی جەماوەرە.

عەبدوڵا مەحمود: دەزانم، من ئەوەم بینیوە. بەڵام وەرە تەماشا بکە هەر لە بەرنامەی خودی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشدا ئەو بەندە هەیە، ئەوانیش باسی خۆبەڕێوەبەری دەکەن و تەنانەت نمونەکەشی دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی پێکهێنانی ئەنجومەنی لادێکان کە لەسەردەمی شاخدا هەبوون و دەیانەوێ ئەوە بگوێزنەوە بۆ شاریش. بەڵام بۆ یەک جاریش لە دنیای واقعیدا نەیانکردووە. بە قەولی نوام چۆمسکی ئەڵێ ''تۆ بۆ ئەوەی ئەحزابی سیاسی بناسی دەبێ سەیری ڕەفتار و کردار و هەڵوێستگیری سیاسییان بکەی نەک بانگەشە و بەندەکانی بەرنامەی''. بەهەرحاڵ من دەمەوێ جەخت بخەمە سەر دوو خاڵ بۆ ئەوەی ئەمە زۆرتر ڕۆشن بێتەوە، یەکەم: لە شوێنێکی وەک تورکیادا دوو شت ڕوونادات لە کوردستانەوە، یەکەمیان، نە لە کوردستانەوە تورکیا دەکرێتە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی نادەوڵەتی، وە دووەم نە لە کوردستانی تورکیاوە دەوڵەت دەڕوخێت. بەپێچەوانەی ئەو بانگەشەیەشیان کە باسی دیموکراسی جەماوەری دەکەن من تێناگەم هێزێکی وەک پەیەدە کە وەکو لە بەرنامەکەیدا هەیەتی و دەسەڵاتی خۆسەری جەماوەری دادەمەزرێنێ و پشتیوانی لە کۆمەڵگەی دیموکرات دەکەن. بەڵام لە ماوەی دەسەڵاتداریتی ١٦ سالّەی ئەردۆگان و ئاک پارتیدا چەندین خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە شارەکانی ئەنکەرە و ئیستانبول ڕوویانداوە بە دژی بە ئیسلامیزەکردنی تورکیا هەدەپە حەرفێکی لەسەر نەووتووە و نەشبۆتە بەشێک لەو بزووتنەوەیە و ئەو بزووتنەوەیەی کە دەیەوێ حەرەکەی لۆکاڵی لە ناوچە کوردنشینەکان پێکبهێنێ و خەڵک دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بکات، نەیکردۆتە پشتیوانی لەو بزووتنەوەیەی کە لە ئەنکەرە و ئیستانبول بەڕێکەوتووە. کاتێک بزووتنەوەیەکی وا دێتە مەیدان و ئەمان یەک حەرفیان نییە کەواتە مەسەلەی ئەوان بە دیموکراتیزەکردن نییە، بەجیا لەوەی کە وەک وتم لە کوردستانی تورکیاوە دەوڵەت بە دیموکراتیزە ناکرێ. لە ڕاستیدا ئەمانە زۆرتر ئەوەن کە ئاپۆ لە بەرگرینامەکانیدا لەم دواییانەدا هێناویەتی کە ئەویش هێندەی ناکۆکیەکی گەورە نیشان دەدات هێندە خەریک نییە وەلامێکی دیاریکراو بە گرفتێکی بناغەیی بداتەوە کە حزبەکەی لەسەر پێکهاتووە.

چ پەیەدە و یا پەکەکە و ئەوەی لەم دواییانەدا پێکهات واتە هەدەپە کە ئەساسی پێکهاتنەکەی دەسەڵاتداریتی جەماوەری نییە، بگرە ئەوەیە کە لە کوردستانی تورکیا زوڵمێکی قەومی هەیە و دەوڵەتی تورکی ئەو زوڵمە بە ڕەسمی ناناسێ و لە چوارچێوەی ئەو بەڕەسمیەت نەناسینەدا پەکەکە وەک هەر هێزێکی تری بڕۆژوای لە ڕێگەی باڵە جۆراوجۆرەکانیەوە باڵێکی چەکداری و باڵێکی ناوخۆیی هەیە کە لە ساڵی ٢٠١٢ ەوە دروست بووە دەیانەوێ ببنە گوشارێک کە بچن لە دەوڵەتی مەرکەزیدا بەشداری بکەن. هەر ئەوەی کە خۆیان کاندید دەکەن و دڵیان بەوە خۆشە کورسی پەرلەمانییان هەبێ و تەنانەت بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد شاگەشکە بووبوون کە هەدەپە لە ناوخۆی تورکیادا ٦٧ کورسی بەدەستهێناوە. ئەوە موسیبەتە بۆ بەشێک لە کۆمۆنیستەکانیش کە دڵیان بەم مەسەلەیە خۆش بوو کە گوایە کورد توانیویەتی دەسکەوت بەدەست بهێنێت بێ ئەوەی بۆ یەک دەقە ئەم کەسانە یان خاوەنانی ئەو دیدگایە لە خۆیان بپرسن کە مەگەر لە کوردستانی عێراقدا کەم کورسی پەرلەمانی لەلایەن حزبە کوردستانیەکانەوە بەدەست هات؟ بەڵام هیچ کارێک نەکرا. بەتایبەتی لە نێو ئەو سیستمە دیکتاتۆریانەی لەو ناوچەکەدا هەن لە نمونەی ئێران و عێراق و سوریا و وڵاتی لەم بابەتە بە هیچ جۆرێک قسەکە لەسەر پرۆسێسی دیموکراسی و شتی وا نییە. هەتا خودی ئەو پەرلەمانە لە تورکیادا کە سەیری دەکەی هەر بە پێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ١٦ ساڵی ڕابردودا لە دەسەڵاتی ئاک پارتیدا پێکهات و لەو چوارچێوەیەدا یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو پارتە کە بریتی بوو لەوەی سیستمی پەرلەمانی بۆرژوازی بە مانا خراپەکەشی بگۆڕێ بە سیستمێکی سەرۆکایەتی و تاکڕەوی و دەسەڵاتی ڕەهای فەرد لەسەرەوە تەماشا بکەن بە کوێیان گەیاند. خودی پەرلەمانی بێهوودە کرد، نەک ٦٧ کورسی، ١٠٠ و ٢٠٠ کورسیش ناتوانێ ڕۆڵێکی سەرەکی لەژێر سایەی دەسەڵاتی تاکلایەنە و فاشیستیانەی حزبێکی وەک ئاک پارتی و ئەردۆگاندا هەبێ تا کەسانێک بێن دڵیان پێی خۆش بێ. بۆیە لەوبارەیەوە من پێم وایە ئەبێ خاترجەم بین لەوەی کە هیچ ئاڵوگۆڕێک لە تورکیادا نە لە ڕێی پەرلەمان و نە لەڕێی هەڵبژاردنەکانەوە دەکرێ و نە لەوێوە دەکرێ کە لەنێو بەندەکانی کەمپینی هەڵبژاردندا بێبیت ئەم خاڵانە بهێنیت کە گوایە داکۆکی لە کرێکار دەکەی، کۆمەڵگە دیموکراتیک دەکەی، یەکسانی ژن و پیاو دێنێ... ئەمانە لەو چوارچێوەیەدا ناکرێ. لە کوردستانی تورکیادا دەکرێ ڕێگایەکی تر بگیرێتەبەر، بۆ نمونە بەڕەوپێشبردنی بزووتنەوەی جەماوەری شۆڕشگێڕانە بۆ خواستی کۆتاییهێنان بە هەڵاواردنی قەومی، بزووتنەوەیەک دەکرێ بچێتە پێشەوە و دەوڵەتی تورکیا ناچار بکات ئەمە بەڕەسمی بناسێ. ئەویش بە مەرجێک ئەگەر ڕێگەچارەیەکی سۆشیالیستانە و ئینسانانە، یان لانی کەم بڵێم ڕێگاچارەیەکی کارسازی بداتێ گەر سۆشیالیستانەش نەبێ. کارسازانە بەو مانایەی کە نەچێت دیفاع لە فیدرالیزم یان ئەوەی کە خۆیان پێی دەڵێن کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی ببەستێتەوە، لەو چوارچێوەیەدا ناچێتە پێشەوە، چونکە ئەم دوو نمونەیە تەجروبەی خۆیان لە دنیادا نیشان داوە بە تایبەتی فیدرالیزمەکە ئەوە تەجروبەکەی زیندووە. کۆنفیدرالیزمیش خۆی بەڕاستی شتێکی بەرگریکارانەیە لە کۆمەڵێک بڕگەی دیاریکراودا، لە ئەمریکا ڕوویداوە، لە سویسرا ڕوویداوە، بەڵام کاتێک بۆرژوازی دەکەوێتە مەترسیەوە یان دەوڵەتەکە لە مەترسیدایە کۆمەڵێک لایەن بە سەربەخۆیی خۆیان بڕیار دەدەن هاوپەیمانێتی پێکبهێنن بۆ بەرگری لە دەسەڵاتی سەراسەری، ئەمە کۆنفیدرالیزمە. فیدرالیزمی قەومیش ئێمە خۆمان بینیومانە کە تەجروبەکەی چۆنە. بەڵام ئەگەر ئەمان بەڕاستی بیانەوێ ئەم کێشەیە لە کوردستانی تورکیادا چارەسەر بکرێ، ڕێگاکەی ئەوەیە لە پشت بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری بوەستن و بەتایبەتی کە ئەگەر فەزای زاڵی هەدەپە بەسەر کۆمەڵگای کوردستانی تورکیادا، لەبەرچاوبگرین، ئەوە ڕاستیەکە کە ئەوان خاوەنی پایەگایەیەکی بەرجەستەن و واقعیەتە ئەتوانن ئەو کارە بکەن. ئەو کارە بەجۆرێک بەرنەپێشەوە کە دەسەڵاتی تورکیا ناچار بکەن مل بدات بە ڕێگەچارەی کارساز بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی تورکیادا.

ماویەتی...

درێژەی...نزیکەی مانگێکە،بزوتنەوەیەکی بێوێنە لە فەرەنسا پەرەدەستێنێ ...!

Copernicلەهەمان ڕۆژنامەدا گووتیان" نە دژایەتی ئەو بێهودانە دەکەین، نە ئامرازی تووندڕەوی ڕاست بەکاردەهێنین، و نە مەترسی دژایەتی باج، بە پیادەکردنی سیاسەتی کورسی بەتاڵ و ئیدانەی خۆپیشاندەران. بەڵکو بەپێچەوانەوە، پرسەکە پەیوەندی هەیە فەراهەمکردنی ئامرازەکان بۆ کارکردن لەناو بزوتنەوەکە و بردنەوەی جەنگی ڕۆشنبیری و سیاسی لەناوەوە، دژ بە باڵی ڕاستی تووندڕەو و ئەو هێزەی دەیانەوێ ملکەچیان بکەن".

ژمارەیەکی زۆر لە هەیکەلەی نەقابە و شۆڕشگێڕان دووداڵ نەبوون لە پێشکەشکردن و بانگەوازکردن لە چالاکی ئێلەگ زەردەکان: بەتایبەت نەقابەی CGTپیشەسازی پۆڵا و ئاسن، نەقابەی SUDی پیشەسازی و نەقابەی FOگواستنەوە. زۆرێک لە بانگەوازی یەکگرتووی ئیداری کە دەستپێشخەریانکرد بۆ داواکردنی زیادکردنی هەقدەست، و دژ بە باجی ناڕاستەوخۆی سەر زەحمەتکێشان لەپێناو داهاتی باجێکی چڕ. بەگشتی هەموو ئەم بانگەوازانە بە ڕۆشنی باجی سەر سووتەمەنیان ڕەتدەکردەوە، لەگەڵ ڕوناکی خستنە سەر پێویستی پیادەکردنی سیاسەتێکی ئیکۆلۆجی ڕاستەقینە کە فشار بخاتە سەر کۆمپانیای توتال. و پێشخستنی ئامرازی گواستنەوەی گشتی و هێڵی ئاسنی لەبەرامبەر گواستنەوەی سەرزەوی.

هەموو ڕاپۆرتەکان، لە تۆڕە شۆڕشگێڕەکان، تەنانەت لە ڕاگەیاندنەکان، ڕووی ڕاستەقینەی ئەم بزوتنەوە جەماوەریە دەخەنە ڕوو کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە کەمدەرامەت و خانەنشینەکان پێکهاتووە، بەیەکڕیزی لەگەڵ کرێکارانی سەربەخۆ و خاوەن پرۆژە بچووکەکان، واتە هەموو ئەوانەی داهاتیان کەمە و هێرشەکانی حکومەت کاریان لێدەکات. خەباتکارانی حزبە نوێکەی دژایەتی سەرمایەداری دەکات، لە بەشداریان کردوە لە دانانی بەربەستەکان و تەنانەت لە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە لە پێشوازی باش و بەتایبەت پێکهاتن لەسەر پێویستی گەڕانەوەی باج لەسەر سامان و کۆتاییهێنان بە دیاری باج بۆ دەوڵەمەندە گەورەکان.

ئامانج ئاسۆی بزوتنەوەکە؟

کەواتە ئامانجی سیاسی گەورە بۆ ئەم بزوتنەوەیە هەیە، سەرەڕای بوونی بەربەست. یەکێکیان؛ بەبێ دەستبەسەراگرتنی لەسەرەوە، وای لێکردوە ڕێکخراوێک بێت بەشێوەیەکی دیموکراتی و لە ڕێکخراوەکانی بزووتنەوە کرێکاریەکانی دەیانەوێت ئەو جەنگە بەهاوبەشی بکەن نزیکبنەوە بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی گشتی لەگەڵ دەسەڵات.

هیوای حکومەت ئەوەیە کە بزووتنەوەی ئێلەگ زەردەکان هەورێکی هاوینە بێت و تێپەڕبێت پێش گەرانەوە بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی" سروشتی". دوای ڕۆژی ١٧ی نۆڤەمبەر، هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گەورە جەختیان لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەکان دەکرد، هەروەها بریندارەکان لەسەر بەربەستەکان، و کوژرانی یەکێک لە ئێلەگ زەردەکان، کاتێک بەرئۆتۆمۆبیل کەوت. جەختیان لەکاری ڕەگەزپەرستی (بەڵام زۆر لاوەکی) و قبوڵنەکردنی هاوڕەگەز، ئەم هەواڵانە بەگشتی بۆ ناوزڕاندنی بزووتنەوەکە بوو.

هەرچەندە زۆر ئاگادارببوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپیشاندانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکە، بەڵام دەسەڵات ئەم ڕۆژانەی دوایی زۆر تووندوتیژ بوو لەسەرکوتکردنی بەربەستەکان، بەتایبەت خۆپیشاندانی شانزلیزیەی شەممەی ڕابردوو ٢٤ی نۆڤەمبەر.

حکومەت بەهیوایە وێنای ئەو ڕووبەڕووبوونەوانە و نزیکبوونەوە لە ئاهەنگەکانی کۆتایی ساڵ ببێتە هۆی لەناوچوونی بزووتنەوەکە.

ئەگەر بزووتنەوەی کرێکاریش هەمان بڕوای هەبێت، ئەوە هەڵەیەکی گەورە دەبێت!. سەرەڕای لاوەکی بوونی، باڵی ڕاست کەوتۆتە ناو کەمینی ئەو بزووتنەوەیە، و بەهیوایە کە دژایەتی بۆ سەرمایەداری دەرنەکەوێت و ئاسۆیەکی بەرکەوێت.

زنجیرەی" Forconiساڵی ٢٠١٣لە ئیتاڵیا، کە ئێلەگ زەردەکان خاڵێ لێکچوونیان هەیە، دەبێت بەرهەڵستکارانی سەرمایەدای وە ئاگا بهێنن کە دەیانەوێت تووڕەیی جەماوەری بگۆڕن، نەک تەنیا دژ بەحکومەتی دەوڵەمەندەکان، بەڵکو ڕێخۆشکەربێت بۆ هێرشی دژ بە سەرمایەداری و هەڵگری ئازادی بێت.

سەرچاوە/ http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=619705

درێژەی هەواڵ و ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان...

بێت بە زیندەکاری ئەوە دژی تاکتیکی کارکردنی یەکیەتیەکەیە و بەم کارەشی لە کاریگەری مانگرتنەکان کەم دەکاتەوە. بۆیە ئێمە دەری دەکەین و ئیتر ئەندامی ئێمە نابێت.

Canada Workers' Struggles Solidarity Appeals

کرێکاران و ستافی گەورەترین هێڵی ئاسمانی ئەرجەنتین مانگرتن و خۆپیشاندانیان ئەنجامدا

ماڵپەڕی (بلووم بێرگ)هەواڵێکی مانگرتنی کرێکاران و ستافی گەورەترین هێڵی ئاسمانی ئەرجەنتینی بڵاوکردەوە. بە پێی ئەم هەواڵە کرێکارانی هێڵی ئاسمانی ئێرۆلاینز ئەرجەنتیناس ڕۆژی ٢٦، ٢٧ی مانگی ١١ تەواوی گەشتەکانیان وەستاند و ڕێگەیان نەدا زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس گەشت بکات.

هۆی ئەو مانگرتنە ناڕازی بوونی کرێکاران و ستافی ئەو هێڵە ئاسمانیە بوو لە بەرامبەر ئامادەکاری دەوڵەتی ئەرجەنتین بۆ پێشوازیکردن لە سەرانی دەوڵەتانی(جی ٢٠) کە دۆنااڵد ترەمپ یەکێک دەبێت لەو سەرکردانە. هەروەها بۆ ئەوەش بوو کە هەقدەست و مووچەکانیان باشتر بکرێت و ڕێگەش نەدرێت بە پێشبڕکییەک کە ببێتە هۆی دابەزاندنی هەقدەست و مووچە.

جێگەی باسە کە لەسەرەتای مانگی ١١وە زیاتر لە ٦ سەد گەشت لەو هێڵە ئاسمانیەوە ڕاگیراو هەروەها تەنها لە دوو ڕۆژی ٢٦، ٢٧ ی ١١ دا ٣٧١ گەشتی ئاسمانی لەو هێڵە ئاسمانیەوە ڕاگیرا. لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی هێڵی سەب وەی و پاسەکانی خزمەتگوزاری ڕاگیران.

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی؛ هەڕەشە لە تونس دەکات بە فڕۆشتنی ئەو وڵاتە لە هەراجی ئاشکرادا ئەگەر حکومەت ملکەچی داواکاری خۆپیشاندەران بکات!!!

سندوقی دروای نێودەوڵەتی هەڕەشەی لە تونس کردووە و دەیخاتە هەراجی ئاشکراوە، ئەوە ئەگەرحکومەت ملکەچی داواکاریەکانی فەرمانبەرانی مانگرتوو بێت لە زیادکردنی مووچەکانیان.

بەڕێوەبەری گشتی سندوق (کرستینا لاگارد) گووتی" ئەو دەزگایەی ئێمە ڕێکخراوی خێرخوازی نییە" و ئاماژەی بەحکومەتدا کە ئەگەر توانای دانەوەی سەروخواری قەرزەکانی نییە و دەرۆزە دەکات. یان توانای تووندکردنەوە و سکهەلکوشینی هاونیشتمانیان و پشتگوێخستنی خزمەتگوزاریەکانی نییە، و توانای نییە کە ببێتە بارمتەی وڵاتانی کە قەرزیان پێداوە".

کرستینا هۆشداری حکومەتی تونسیدا بەوەی کە چاوێک بکەین لە داواکاری فەرمانبەران "ئەمڕۆ داوای زیادکردنی مووچەکانیان دەکەن، بەبێ ئیعتباردانان بۆ سوودی ئەو قەرزەی کە لەسەریانە، سبەینێش خۆپیشاندان دەکەن لەدژی دانەوەی قەرزەکانمان". باشترە ئەمڕۆ هەر ٦٥٠ هەزار خۆپیشاندەرەکان دەربکرێن، بۆئەوەی پاشەکەوتێک بکەن بۆ دانەوەی بەشێک لەو پارەیەی کە پێویستە بیگەڕێننەوە بۆ ئێمە.!!! بەمجۆرە دەرسێکیان دەدەن، کە لەداهاتوودا دژ بە ڕێنوێنیەکانمان نەوەستنەوە.

کرستینا داوای لە تونسیەکان کرد؛ کە وازبێنن لە داواکاریەکانیان و بگەڕێنەوە هۆش خۆیان و سەرکارەکانیان بۆئەوەی ئەو پارەیەی لەسەریانە بیدەنەوە بە سندوق. "ئەگەر بە مووچەکانتان ڕازی نین لەئێستادا بۆ گوزەرانتان، ئەوا سبەی کە وڵاتەکەتانمان بە بارمتە گرت، ئەو مووچەیەش نابێت، ئەو خانوەش نابینەوە کە ئێستا لێی دانیشتوون مانی تێدادەگرن. ئەو شەقامەش نابینەوە کە خۆپیشاندانی تێدا دەکەن. ئاواتەخواز دەبن لە وڵاتدا بمێننەوە وەک کۆیلە لەلامان"!!!

درێژەی دوا وتە

ڕژێمی فاشیستی تورکیا، دەخاتە ڕوو... ڕاستیەک سەد بارە دەخاتەوە ڕوو، ڕاستی دەسەڵاتی حزبۆکراتی و میلیشیایی و عادەتگرتوو بە گرێگرتەیی. ڕاستییەک کە ناوەڕۆکی دەسەڵاتی بزوتنەوەکەی نەک لە فیلمێکدا، یان لەسەر شانۆیەک، بەڵکو لە ئاستی کۆمەڵگەو کۆمەڵایەتیدا نمایش دەکات. دەسەڵات ریگە لە فیلمیک لە هۆڵێکی سینەما و داخراو دەگرێت، وەکو مەئموریەت و خزمەتێک بە تورکیا یان بە وڵاتانی تر، بەڵام لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا و کۆمەڵگەدا، سەرکوتگەری خۆی نمایش دەکات. چ بێ شەرمیەکە!! لە پای گوێرایەڵی بە وڵاتانی ناوچەکە، ڕۆژ بەڕۆژ بانگی ئاشکرای یاساغکردنی ئازادی بدەیت و کلیل و قفڵەکانی کڵۆمکردنی ئەو کەمە ئازادییەی بەرهەمی کەشی نیمچەکراوەی کوردستان و خرۆشانی ساڵی ١٩٩١ کوردستانە، وەکو حەربەی سەرکوت و سانسۆر توند بەدەستەوە بگریت...

ئەو دەسەڵاتەی ئاوا خو و عادەت بە نۆکەرایەتیەوە دەگرێت، جگە لە سوک و بوون و بێ بەهابوونەکەی، دوای کۆتاییهاتنی مەئموریەتەکەی... بەسوکی کەنار دەخرێت.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و لە پێشیانەوە، هونەرمەندان و شانۆکاران و ئەدەب دۆست و نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی ئازادو تینوی واقعی ئازادی، دەبێ لەبەرامبەر بەو هەنگاوانەی دەسەڵات و هەوڵە بەردەوامەکانیان بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان و سەرکوتی سیاسی، بێدەنگ نەبن و لەریزێکی سەربەخۆدا، شیوازی خەباتکارانە بۆ وەستانەوە بە ڕوویدا بگرنە بەر و ڕێگە نەدەن ئەو پەراوێزە لە ئازادی و دۆخی کۆتنڕۆڵنەکراوی کوردستان، کڵۆم بدرێت و کوردستانیش ببێتە جێگایەک بۆجێبەجێکردنی بریاری وڵاتانی ناوچەکە.

درێژەی لە پەراوێزی ٢٥ نۆڤەمبەردا، ڕۆژی جیهانی دژ بە توندوتیژی ژنان...

بەردەوام بەڕێوە دەچێ و پیاوان بە هێزتر لە قەڵەم دەدرێن وژنان بەو بیانووە کراونەتە کونجی ماڵەوە و مژوڵی منداڵداری و ماڵدارین و لە ئاکامدا لە پرۆسەی بەرهەمهێنان بێبەشکراون، بەڵام کارەساتەکە بەوە زیاتر قوڵدەبێتەوە کە بەو بیرۆکە فەرهەنگ و کلتوری دەسەڵاتی پیاو زیاتر بێ و هەر کاتێکیش ئایین ئیزنناممەی بەو بیرۆکە دا، ئیتر بواری زیاتر بۆ دەسەڵاتی پیاوان و ژێردەستەیی ژنان دەڕەخسێت و گەورەترین هێزی سەرکوتی ژنان... بەرهەم دێت. ئەمڕۆکە سەرەڕای هەموو پیشکەوتنێکی جیهانی لە بوارەکانی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و مرۆڤی پرسی مافی بەرابەری ژن و پیاو، هەروەها ژن ئازاری باسی سەرەکی میدیاکانە و تووندوتیژی بە دژی ژنان پەتایەکی ماڵوێرانکەرە کە جیهانی سەرقاڵی خۆی کردووە. دەبێ بڵێین کە تووندوتیژی بە دژی ژنان تووندوتیژی بە دژی هەموو مرۆڤایەتی و بە تایبەتی نەوەکانی دواڕۆژە کە بە گیانیکی مرۆڤی و بە دوور لە هەڵاواردن پەروەردە ناکرێن و تووندوتیژی لە ناخیاندا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرهەم دێتەوە، تووندوتیژی بەدژی ژنان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە هەر بۆیە وزەو توانای زۆر بۆ بنبڕکردنی پێویستە و دەبێ ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان بلوێ، بە دژی ئەم دیاردەیە کە سیمای کۆمەڵگاکانی دزێو کردووە بوەستن و خەباتی بێوچانی بۆ وەرێبخەن ژنان دەتوانن بە ناسینی مافەکانی خۆیان، خەبات بەدژی ئەم تووندوتیژیانە بکەنو بارودۆخەکە بگۆڕن. تا ئەو کاتەی کە نیزامی چینایەتی سەرمایەداری بوونی هەبێو لەسەر پێ بێ، دژە ژنیو پیاوسالاری لە ناو کۆمەڵگەدا هەر بەردەوامەو داکۆکیکارانی مالکییەتی خسوسیو نیزامی سەرمایەداری لە هەر ژێستو پۆزێکی دیمۆکراتیکدا ناتوانن بنەماکانی ئەم هەڵاواردنو بێمافیانە لەناوبەرن. هەر بەو هۆکارەیە کە لەسەدەی بیستو یەکەمداو تەنانەت لەوڵاتانی سەرمایەداریو بەناو پێشکەوتووش ژنان دەکەونە بەر ئازارو هەڕەشەو هەموو جۆرەکانی توندوتیژی. ڕزگاریو بەرابەری ژنو پیاو و لابردنی هەر جۆرە توندوتیژیەک بەدژی ژنان کاتێک مسۆگەر دەبێ، کە لە ڕۆچنەی نەمانی مەودای چینایەتی لێی بڕوانینو خەباتی بێوچانی بۆ ڕێک بخەین...

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی: bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، هەتاو عەبدوڵاهی، شوان عەزیز، عەبدالرحمن ڕەسوڵ، موزەفەر عەبدوڵا

بۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆ بەسەرنووسەرەوە:
0046737403392

سالّی دووەم ژمارە (41) 1/12/2018 دوا لاپەڕە

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

دوا وتە

عەبدوڵا کارجانی؛ ڕابەری کرێکاری لە تورکیا تیرۆرکرا!

یەکێتی نەقابەکانی نێودەوڵەتی(ITUC)، لەڕاگەیاندنێکدا ئیدانەی تیرۆرکردنی ڕابەری نەقابەی کرێکارانی تورکیا عەبدوڵا کارجانی کرد. بەپێی ڕاپۆرتێک کە یەکێتی نەقابەکانی نێودەوڵەتی لە ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨ بەدەستی گەیشتووە؛ کەسێک بەچەکەوە تەقەی لە کۆبوونەوەیەکی کرێکارانی کارگەی دروستکردنی تایەی Goodyear کردوە کەلەوکاتەدا عەبدوڵا کارجان خەریکی قسەکردن بووە لەو کۆبوونەوەیەدا. هەر لەوێدا عەبدوڵا کاجانی گیان لەدەست دەدات و دوو ڕابەری کرێکاری تریش بەسەختی بریندار دەکرێن.

عەبدوڵا کارجان؛ سەرۆکی یەکێتی کرێکارانی لاستیک و کیمیاویەکان DISK/Lastik-İş بوو. هەروەها تەقە لە سەرۆکی یەکێتی هەرێمایەتی(مستەفا سپاهی) و بەڕێوەبەری نەقابە(عوسمان بایراکتەر)یش کراوە. بایراقتەر تاوەکو ئێستاش تەندروستی ناچێگیرە بەهۆی بریندەکەیەوە.

عەبدوڵا کاراجان؛ وەک ڕابەرێکی نەقابی زۆر کارا توانی سەرکەوتنێکی گەورە دژ بەکاری ناچێگیر بکات، ئەویش بە ناچارکردنی کۆمپانیا بیانیەکانی تایە، بەکۆتاییهێنان بەپەنابردن بۆ سەرچاوەی دەرەکی لە کارەکانیا لەناو تورکیادا. Lastik İş-ئەندامە لە یەکێتی DISKی سەر بەیەکێتی نێودەوڵەتی نەقابەکان و یەکێتی جیهانی بۆ یەکێتی پیشەسازی.

لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
* دەرەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەوڵی نارەزایەتیەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەوالانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەوالی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەوالی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەوالی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهڵنەگرو سەکۆی ڕاستیێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

www.bopehsawa.net ماڵپەری بۆپێشەوە bopeshawa@gmail.com

دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو بەروارى 2018-12-13

فیلمی ١٤ تەموز، دەسەڵات وەکو فیلمێک!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

وا بڕیار بوو، ئەمڕۆ ١/١٢/٢٠١٨ فیلمی کوردی ١٤ تەموز لە سینەما سالمی سلێمانی پێشکەش بکرێت، بەڵام ئاسایشی سلیمانی بەروازی ٢٧ ی مانگ واتە پێش چوار ڕۆژ لە نمایشی فیلمەکە، ئاگاداری بەڕێوەبەری سینەما سالم دەکەنەوە، کە ڕێگا نادەن ئەو فیلمە پێشکەش بکرێت. ئاسایشی سلێمانی لە وەڵامی سینەما سالمدا، کەداوای نووسراوەی ڕەسمیان کردووە، وتوویانە" خۆمان تووشی سەرئێشە ناکەین" ، چونکە "ئەوان بە هیچ شێوازێک ڕێگە نادەن ئەم فیلمە نمایش بکرێت"... ئەو فیلمە باس لە ستەم و درندەیی ڕژێمی فاشیستی تورکیا دەکات، دژ بە زیندانیانی سیاسی لە تورکیا... و لەدەرهێنانی هاشم بایدەمیرە. بەجیا لەوەی ناوەرۆکی فیلمەکە بەشیوەی گشتی چۆنە و نمایشی چ بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکات، وە بەدەر لەوەی فیلمێکی سەرکەتووە یان نا... ڕێگەگرتن لەوە نمایش بکرێت، پیشێلکردنێکی ئاشکرای ئازادی بەیان و بیروباوەر و کاری میدیاییە و ڕاگەیاندن و ڕەخنەگرتن و داسەپاندنی سانسۆرێکی دیکتاتۆریانەیە.

کۆردستان شانۆ و سەکۆی، دەیان و سەدان نمایشی ئاشکرای سەرکوت و بێمافییە، شانۆ و سەکۆی دەست ئاوەڵای سەدان باندی مافیایی و بارەگای ڕژێمە چنگ خوێناوییەکانی ناوچەکەیە، ستەیجی نمایشی بەرپرسە حزبی و حکومیەکانی نۆکەر پیشەی تورکیاو ئیرانە. دەرگای ئاوەڵای دەستێوەردان و شکاندنی شکۆی هاوڵاتیانی کوردستانە، گۆڕەپانی سەرکوتی سیاسی و لێوان ڕێژ لە ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی نەیاری دەسەڵات و پیرۆزییە لیخنەکانە و ئەو مقەدەساتە قەومی و دینی و تایفی و نیشتیمانی و کەلتوری و مێژوویانەیە، کە بوونەیە ڕێگایەک بۆ ژیرپێخستنی ئاشکرای پیرۆزییە ئینسانیەکان و مافە جیهانداگرەکانی ئینسان و مافە زۆر سادە فەردی و مەدەنییەکان.

نمایشێکی شانۆیی یان فیلمێکی سینەمایی، دانانی پەیکەرێکی خۆشەویستی، لیکۆڵینەوەو توێژینەوەیەکی زانستی، هۆنراوە و تیکستێکی بااڵی ڕەخنەگر لە حەڵاڵەکانی سەرخانی کۆمەڵگە، دەرخستنی ڕوویەکی واقعی دیارەیەکی قیزەونی ماوە بەسەرچوو، ڕەخنە گرتن و پەردەهەڵماڵین لە کەلتورو ئەخلاقیاتی زاڵی کۆمەڵگە، ئاماژەدان و ڕەخنەگرتنی ریشەیی لە پیرۆزییە!! دینی و قەومی و نیشتیمانی و ڕەمزو سەرۆک و... لە یاساکاندا، دەسەڵات و خێڵی کۆنەپەست توشی ڕاچەنین و دەکات و عەقڵ و دەماریان تەکان دەدات. ئەوە لە کاتێکدایە بیشەرمانەش بە دیموکراسییەوە دەفشن، سەر و بنی زمان و ئازادی و ڕیزگرتن لە مافی مرۆڤ و سەروەی یاسا و باسی پێشکەوتنخوازییە...

دەرکردنی بڕیار لەلایەن جیگری سەرۆکی حکومەتەوە، سەبارەت بە مۆڵەتی یاسایی ئەحزب کە ئاشکرایە جێبەجێکردنی مەئموریەتی ڕژێمی فاشیستی تورکیایە بۆ داخستنی بارەگاکانی هیزێکی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی و پاشان ڕێگە نەدان بە فیلمێک کە گۆشەیەک لە درندەیی و هەسار پچراوی دەسەڵاتی...

بۆ لاپەڕە ١١